دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

ژمارە ٧٩٨، چوارشەممە ١٥ی بانەمەڕی ١٤٠٠ی هەتاوی، ٥ی مەی ٢٠٢١

www.kurdistanmedia.com

■ لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات سەردانی «باباعەلی مێهرپەروەر»ی کرد ٢


■ ڕاگەیەندراوی یەکیەتیی خوێندکاران بەبۆنەی ١٢ی بانەمەڕ ٢


■ حیزبی دێموکرات بەشداریی لە کۆبوونەوەی گرووپی کوردیی «سۆسیالیست ئینترناسیۆنال» کرد ٣


هەڵدان و دروستبوون و پێگەیشتن ... ٤



ماف ٦


دیاردەی خۆکوژی لە ئێراندا ٨


دیمانەی کوردستان ١٠

# گەرمکردنی هەڵبژاردن بە سووتاندنی زەریف



سیناریۆ و گەمە دزێوەکانی پێش لە شانۆگەریی هەڵبژاردنەکان لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا بوونەتە کۆمەڵێک یاریی دووپاتکراو و تەنانەت چەندپاتکراوی لەنێوەڕۆک بەتاڵ کە بۆ هەر تاکێکی خاوەنی ئاوەزی نیشتەجێ لە جوغرافیای ئێران ئاشنایە.

هەر لە هاوکاتکردنی دوو یان چەند هەڵبژاردنی جیاوازەوە بگرە تا کەمکردنەوەی فیلتێری بەربژێرەکان و کەڵکاوەژوو وەرگرتن لە هەستی مەزهەبی و ناوچەیی و عەشیرەتی خەڵک و کەمکردنەوەی تەمەنی بەشداریی بەشداربووانەوە بگرە تا دەگاتە بڵاوکردنەوەی فایلێکی دەنگی یان نووسراوەیەک کە دەتوانێ تەنووری بەناو هەڵبژاردنەکان گەرمتر بکات!

لە ڕۆژانی ڕابردوودا و لەناکاو فایلێکی دەنگیی سێ کاتژمێری لە جەواد زەریف بەناو وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامی بڵاو کرایەوە کە تێیدا باس لە مەیدانداری سپا و بەیتی ڕێبەریی دەکات کە کاردانەوەی عەلی خامنەیی و هەروەها جێگری قاسم سولەیمانی و چەند مۆرەیەکی تری سپا و بەکاربەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی لێکەوتەوە!

ڕێکەوتی ٥ی بانەمەڕ، فایلێکی دەنگیی لە وتووێژی «محەممەد جەواد زەریف» وەزیری دەرەوەی ڕێژیمی ئێران بڵاو کرایەوە کە باس لەوە دەکات ڕووسیە لە سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا بە هاوکاریی سپای پاسداران ڕۆڵی سەرەکیی هەبووە.

ناوبراو لەو فایلە دەنگییەدا باس لەوە دەکات کە سپای پاسداران و ڕووسیە بۆ تێکدانی ڕێککەوتنی بەرجام هاوکارییان هەبووە و ئامانجیان لەلایەکەوە تێکشکانی هەوڵە دیپلۆماسییەکانی دەوڵەتی ڕوحانی بووە و لەلایەکی تریشەوە پاراستنی قازانج و بەرژەوەندییەکانی خۆیان لەم دۆخە شپرێوە ئابووری و سیاسییەی کە ئێستە ئێران هەیەتی.

وەزیری دەرەوەی ڕێژیمی ئێران ئیدعای ئەوە دەکات، سەفەری «قاسم سلێمانی» بۆ ڕووسیە بە ویستی ڕووسیە و بەبێ چاوەدێریی وەزارەتی دەرەوەی ئێران بووە، چونکە بە وتەی ناوبراو ئامانجیان ئەوە بووە دەستکەوتەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئێران لە بابەت بەرجام تێک بدەن.

بە وتەی «زەریف» ڕووسیە ئەوپەڕی هەوڵی خۆی بەکار بردووە کە بەرجام بە ئاکام نەگات و بەڵگەی بۆ ئەو ئیدعایە ئەوەیە کە ڕووسیە لە ڕێوڕەسمی دوای واژۆکردنی بەرجام بەشدار نەبووە.

ناوبراو بە ئاماژەدان بە دەستێوەردانەکانی «قاسم سلێمانی» فەرماندەی پێشووی لقی قودسی سپای پاسداران وتوویەتی کە بەهۆی گوشارەکانی فەرماندەی پێشووی لقی قودسی سپای پاسدران بووە کە دیپلۆماسیی فیدای مەیدانی شەڕ کردووە.

زەریف باسی لەوە کردووە کە لە ئێراندا جێگە و پێگەی کەسانی نیزامی و دیپلۆماتەکان بە پێچەوانەیە.

لە کاردانەوە بە قسەکانی «محەممەد جەواد زەریف» لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا زۆرێک لە بەرکارهێنەران باس لەوە دەکەن، بڵاوبوونەوەی ئەو فایلە دەنگییە بەئەنقەست و لە بەرەبەری هەڵبژاردنەکان بە مەبەستی تەبلیغات بۆ دوو لایەنی توندئاژۆ و میانەڕەو لە پێکهاتەی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندا بووە.

لێرەدا پێویستە بۆ ڕوونبوونەوەی زیاتری ئەم چەکەی ڕێژیم لەمەڕ ڕاکێشانی سەرنجی ڕای گشتی بۆ ڕووداوەکانی دواتر کورتە ئاوڕ یان فلەشبەکێک لە بەناو هەڵبژاردنەکانی پێشوو بدەینەوە. لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٨٨دا فایلی دەنگیی هەندێک لە فەرماندەکانی سپا سەبارەت بە هەڵبژاردن بڵاو کرایەوە؛ لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٩٢دا فایلی دەنگیی قالیباف ئاشکرا بوو؛ لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٩٦دا فایلێکی دەنگیی ئاخوند مونتەزێری بڵاو کرایەوە؛ ئەمجارەش بە بڵاوکردنەوەی فایلی دەنگیی زەریف لە بەرەبەری هەڵبژاردنەکان جارێکی تر هەمان سیناریۆ جێبەجێ دەکرێتەوە تاکوو خەڵک ئەو هەستەی لەلا دروست ببێ کە جیاوازییەک لە نێوان لایەنەکانی بناژۆخواز و بەناو ڕێفۆرمیست، بوونی هەیە!

جیاواز لەم لایەنە کە وەک ئاماژەی پێکرا پێوەندیدارە بە ڕووداوەکانی ئایندەی نیزیکی ئێرانەوە، مژارێکی تریش بوونی هەیە کە ناکرێ لەبەرچاو نەگیرێ؛ ئەویش بریتییە لەو ڕاستییەی کە لە بنەڕەتدا لە چوارچێوەی سیستمی کۆماری ئیسلامیدا هیچ پێگەیەک بۆ کاری دیپلۆماسی بەبێ ئیزنی وەلی فەقیە بوونی نییە؛ نەک هەر بۆ کاروباری دیپلۆماسی بەڵکوو بۆ هەر کارێکی دیکەی حکومەتی و دەوڵەتی ئەوە ڕێبەرە کە دەبێ قسەی کۆتایی بکات.

وەک دەڵێن لە کۆماری ئیسلامیدا ڕێبەر بە مانای تەنیا پسپۆڕ لە هەموو بوار و بیاڤەکاندا هەوڵ دەدات ڕێکار و ڕێڕەوە جێگەی پەسندەکان دیاری بکات.

ئەو لە چاوپێکەوتن لەگەڵ خوێندکاران وەک شارەزایەکی زانست، لە چاوپێکەوتن لەگەڵ پزیشکان وەک پزیشکێکی شارەزا، لە دیدار لەگەڵ مامۆستایان و فەرهەنگییەکان وەک مامۆستا و پسپۆڕێکی کاروباری فەرهەنگی، لە بیاڤی ئەدەب و زانستە ئەدەبییەکان وەک ئەدیبێک، لە چاوپێکەوتن لەگەڵ دەوڵەت و وەزیرەکان وەک پسپۆڕێکی کاروباری ئیجرایی حکومەت، لە دیدار لەگەڵ نوێنەرانی مەجلیس وەک مافناسێک، لە چاوپێکەوتنی لەگەڵ نیزامییەکان وەک کارناسێکی بواری سەربازی و لە دیدار لەگەڵ هێزە ئەمنیەتییەکان وەک شارەزایەکی بواری ئەمنیەت دەدوێ و ڕێکارەکانیان بۆ دەسنیشان دەکات.

کەواتە بەگشتی دەتوانین بڵێین بڵاوبوونەوەی فایلی دەنگیی زەریف لە دوو ڕەهەندی سەرەکییەوە لێک دەدرێتەوە: یەکەم سەلماندنەوەی ئەو ڕاستییەی کە لە چارتی سازمانی کۆماری ئیسلامیدا هیچ پۆست و پێگەیەک بەبێ ئیزن و بڕیاری شەخسی یەکەم نە دادەنرێت و نە دەتوانێ ڕا دەربڕێت و ئەوەیکە هەیە وەک خاتەمی وتی تەنیا تەداروکچییە و دووهەم ئەمەش فێڵ و گزەیەکی تری ڕێژیمە بۆ خۆشکردنی تەنووری هەڵبژاردنەکانی داهاتووی سەرکۆماری و شۆرای شارودێ کە لەم نێوانەدا کەسانێکی وەک جەواد زەریف دەبێ بسووتێندرێن.

## پەیڤ

دەستێکی دیار

کەریم پەرویزی

شەڕی لەبری، یان شەڕی بەوەکالەت، ئەو شەڕەیە کە کۆماری ئیسلامیی تێیدا ڕاهاتووە. لە سەرەتاکانی هاتنە سەرکاری کە پێی وابوو بە هێزی ئیدئۆلۆژیکی ویلایەتی فەقیهی سوپاکەی دەتوانێ لە تارانەوە تا کەربەلا بیماڵێ و لەوێوە بگەنە قودس، شەڕی ماڵوێرانکەری لەگەڵ عێراق هەڵگیرساند، بەڵام دوای شکستی ئابڕووبەرانەی کە خومەینی بە فڕکردنی جامی ژەهر ناوی برد، ئیدی خۆیان ڕاستەوخۆ دەرگیری شەڕ نەکردووە و فێری ئەوە بوون کە هێزی دیکە دروست بکەن و نۆکەر و ملکەچ و گۆپاڵ بەدەستەکانی دیکە بەخێو بکەن و بیاننێرنە شەڕ و ئاژاوەگێڕی لە ناوچەکە.

لەم پێناوەشدا تەنیا بە گرووپە شیعەکانەوە نەوەستاون و لەڕاستیدا لە شیعە و سوننییەوە بیگرە تاکوو مەسیحی و کۆمۆنیستیش، گرووپی مافیاییان دروست کردووە و لە شوێنە جیاوازەکان شەڕی خۆیان بەوانە دەکەن. لە لوبنان و سووریەوە بیگرە تاکوو یەمەن و بەحرەین و تا عێراق و تورکیە و کوردستانیش.

١١ی بانەمەڕی ١٤٠٠ی هەتاوی گرووپێکی توندڕەوی سەر بە ڕەوتی جیهادی، لە شەودا هێرشیان بردە سەر ماڵ و ژیانی خەڵکی ئاسایی لە مەریوان لە گەڕەکی دارسێران و دوای زیانی زۆر بە ماڵ و دارایی خەڵك، دوو کەسیشیان بە توندی بریندار کرد و ویستیان دۆخێکی پڕ لە دڵەڕاوکێ و وەحشەت لە نێو شاردا دروست بکەن.

دوای بەجێگەیاندنی ئەرکە پێئەسپێردراوەکەیان و ئەو کەشە بێزارکەرە، تیرۆریستانی داعشی ڕۆیشتن و دواتر هێزە دڕندەکانی سوپای پاسدارانیش لە گەڕەکەکان بڵاوەیان پێ کرا و ئەوەندەی دیکە ویستیان دۆخەکە تۆقێنەرتر بکەنەوە. گەر لاوێکی کورد کە بە تۆزقاڵێك بۆنی تێکۆشانی مەدەنی و سیاسیی لێ بێ، وا نیشان بدا کە ڕەنگی ڕەوتێکی شۆڕشگێڕانە و نەتەوەیی هەیە، هەموو دەزگای داپڵۆسێنەری کۆماری ئیسلامی وەگەڕ دەکەوێ و دەسبەسەری دەکەن و ئەشکەنجە دەدرێ؛ ئەمە جێی پرسیارە کە گرووپی توندئاژۆ و سەر بە ڕەوتی جیهادیی هاوشێوەی ئەلقاعیدە و داعش لە کوردستاندا بە ئاشکرا جموجووڵ دەکەن و لە مزگەوتە دیارەکان لە زۆر شاری کوردستان کۆ دەبنەوە و جارنەجارێکیش مانۆڕێکی هێز دەدەن و دامودەزگاکانی

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# ڕاگەیەندراوی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ١ی مەی ڕۆژی جیهانیی کرێکار

خەڵکی تێکۆشەری ئێران!
جەماوەری شۆڕشگێڕی کوردستان!
کرێکاران و زەحمەتکێشانی ستەملێکراو!
هەر بەو جۆرەی کە ئاگادارن ١ی مەی ڕۆژی جیهانیی کرێکار لە هەموو وڵاتانی جیهان بە ڕێکخستنی میتینگ و ڕێپێوانی گەورە بە مەبەستی هاوپشتی لەگەڵ چینی کرێکار و زەحمەتکێشی سەرانسەری جیهان جێژن دەگیرێت و یاد دەکرێتەوە. ئەمساڵیش وەک ساڵی ڕابردوو لە بارودۆخێکدا ١ی مانگی مەی ڕۆژی جیهانیی کرێکار پیرۆز دەکرێت کە پەتای عالەمگیری کۆرۆنا جیهانی تەنیوە و بە داخرانی کارخانە و کارگە و شوێنی کارەکان زیاتر لە هەموو چینێک چینی کرێکار و زەحمەتکێش و هەژاری کۆمەڵگان کە کەوتووەتە تەنگانەوە و لەژێر فشاری تاقەتپڕووکێنی مانەوە لەژێر سێبەری مەترسیداری کۆرۆنا ناچارن لە شوێنەکانی کار ئامادە بن.
دیارە لە کەس شاراوە نییە کە لە وڵاتانی پێشکەوتوو تا ڕادەیەکی زۆر زەرەر و زیانەکانی کە بەر کرێکاران و چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگا کەوتوون قەرەبوو کراوەتەوە بەڵام بەو حاڵەشەوە گوشارێکی بەرچاو کەوتووەتە سەر ژیانی بەشەر و لە ڕاستیدا هاتنی ئەم پەتایە (کۆوید ١٩) نەک تەنیا زەرەری گیانیی زیاتری لە بەشی فەقیر و دەستکورتی کۆمەڵگای جیهانی داوە بەڵکوو بووەتە هۆی ئەوەی کە تا دێت فشاری ماڵیی زیاتریش هەر بکەوێتە سەر ئەم تەبەقە زوڵم لێکراوەی جیهان.
ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لەم پەتایە و لەم بارودۆخە جیهانییە بێبەش نەبووە و تەنانەت دەتوانین بە دڵنیاییەوە بڵێین کە دۆخی ئێران لە زۆربەی هەرەزۆری وڵاتانی جیهان خراپترە. دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای هاتنی ئەم پەتایە بە ناکارەمەیی لەڕادەبەدەری خۆیان و بە لەبەرچاو نەگرتنی نیگەرانییە جیهانییەکان و لە کاتێکدا هەموو دنیا دەرگاکانی خۆی لەسەر وڵاتی چین داخست، درێژەی بە هاتوچۆکانی شیرکەتی «ماهان ئەیر»دا و بووە هۆکاری سەرەکیی هاتن و پەرەسەندنی ئەو ڤیرووسە لە ئێران. دواتریش بە درۆ و دەلەسە کە کردەوەی هەمیشەییەتی ئاماری تووشبووان و گیانلەدەستداوانی شاردەوە و تا ئێستاش ئەم سیاسەتە هەر بەردەوامە. لە لایەکی ترەوە زۆربەی وڵاتانی دنیا بە کوتانی واکسەن بە شێوەیەکی بەربڵاو خەریکی واکسینەکردنی خەڵکی خۆیانن بەڵام ڕێبەری کۆماری ئیسلامی لەبەر ڕاگرتنی ڕواڵەتی دژە ئامریکایی خۆی بڕیاری نابەرپرسانەی قەدەغەی هاوردەکردنی واکسەنی ئامریکایی و ئینگلیسیی دەر کردووە کە لە ڕاستیدا ئەمە دەکرێت وەک نەسڵکوژی چاوی لێ بکرێ و جەنایەت بە دژی خەڵکی ئێران دێتە ئەژمار. ئەم گوشارانەی ئەو دواییانە تەنیا یەکێک لە هۆکارەکانی بارودۆخی خراپی ئێستای کرێکاران، زەحمەتکێشان، فەقیر و هەژار و بەگشتی خەڵکی ئێرانە. کرێکاران و زەحمەتکێشان لە سەرەتاییترین مافی خۆیان کە خۆ ڕێکخستن لە ڕێکخراوە سێنفییەکان بێت بێبەشن. لەگەڵ هەڵسووڕاوانی کرێکاری بە توندترین شێوازی مومکین هەڵسوکەوت دەکرێت و بە تاوانی جۆراوجۆر دەسبەسەریان دەکەن و سزای شەلاقیان بۆ دەبڕنەوە.
گەندەڵیی لەڕادەبەدەری بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی، سیاسەتی هەڵە و نابەجێی ئابووری و لە هەموو گرینگتر سیاسەتی نابەرپرسانەی دەرەکی چ لە ئاستی ناوچەیی و چ لە ئاستی جیهانی وای کردووە کە ڕادەی بێکاری، گرانی و هەڵاوسانی هەوسارپساو و بەگشتی دارمانی ژێرخانی ئابووریی ئەم وڵاتە هیچ سنوورێک نەناسێت. ناوەندەکانی کار و بەرهەمهێنان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دادەخرێن و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خەڵکی زیاترن کە لە کارەکانیان بێکار دەکرێن و کۆماری ئیسلامیش کەمترین بەرپرسایەتییەک لە ئاست ژیان و بژێویی خەڵک وە ئەستۆ ناگرێت.
ئەم بارودۆخە نالەبارە کرێکاران و مامۆستایان و بازنشستەکان و بەگشتی هەموو چین و توێژەکانی کۆماری ئیسلامیی وەزاڵە هێناوە و هیچ ڕێگەیان جیا لە دەربڕینی نارەزایەتی بۆ نەماوەتەوە کە ئەویش لەلایەن بەرپرسانی کۆماری ئیسلامییەوە قەبووڵ ناکرێت و بە توندترین شێواز سەرکوت دەکرێت و هەموو دەرەتانێکیان لە خەڵک سەندووەتەوە. پارێزگاکانی کوردستانی ئێران بەپێی ئامارە فەرمییەکانی دەزگاکانی کۆماری ئیسلامی لە خراپترین بارودۆخدان و بێکاری و هەڵاوسان لە بەرزترین ئاستی خۆیدایە. هەر لە سەرەتای هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی هیچ سەرمایەگوزارییەکی بنەڕەتی و پیشەیی لە کوردستان نەکراوە و بە تەواوی هەوڵ دراوە کە کوردستان نەبێتە بەشێکی پیشەیی و هەمیشە نیگەرانی ئەمنی زاڵ بووە بەسەر مەسڵەحەت و ژیان و بژێویی خەڵکی کوردستاندا. بارودۆخی نالەباری خەڵکی کوردستان و نەبوونی کارخانە و کارگەکان و بەگشتی نەبوونی کار بووەتە هۆکارێک کە خەڵکی هەژار و بێدەرەتان بۆ دابینکردنی نانی ڕۆژانەی بنەماڵەیان ڕوو بکەنە کارە تاقەتپڕووکێنەکان، کە لەوانە دەکرێت ئاماژە بە کۆڵبەری بکرێت و سەرەڕای ئەوەش ڕۆژ نییە کە هەواڵی گیانلەدەستدانی کۆڵبەر یان چەند کۆڵبەرێک بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنی و نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی نەبیستینەوە. ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران وێڕای پشتیوانی لە کرێکاران، زەحمەتکێشان، مامۆستایان، بازنشستگان و ژنان و بەگشتی هەموو چین و توێژە بەشخوراوەکانی کوردستان و ئێران بۆ وەدەستهێنانی سەرەتاییترین مافەکانی خۆیان، جەخت لەسەر ئەم بابەتە دەکاتەوە کە مەسەلەی وەدیهاتنی مافی کرێکاران و زەحمەتکێشان و بەشخوراوانی کوردستان هاوتەریبە لەگەڵ مەسەلەی میللیی نەتەوەی کورد و هیچیان لە یەک جیا ناکرێتەوە. پێکهێنانی کیانێکی کوردی لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکرات، سێکۆلار و فێدراڵدا کە ناوەندی هاوکاری خەباتی بۆ دەکات تێیدا مافی چین و توێژە جیاوازەکان و بە تایبەت کرێکاران پارێزراو بێت و ئەولەوییەتی حکوومەتێکی کوردی دەبێت.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**١ی مەی ٢٠٢١**
**١١ی بانەمەڕی ١٤٠٠**

# لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات سەردانی «باباعەلی مێهرپەروەر»ی کرد



«مستەفا هیجری» لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای شاندێکی یاوەری، بە مەبەستی سەرەخۆشی و هاوخەمی دەربڕین لەگەڵ «باباعەلی مێهرپەروەر» سەردانی ناوبراوی کرد. ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٣٠ی خاکەلێوە «مستەفا هیجری» لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای شاندێکی یاوەری، بە مەبەستی سەرەخۆشی و هاوخەمی دەربڕین لەگەڵ «باباعەلی مێهرپەروەر» کە لە دەرەوەی وڵاتەوە هاتووەتەوە کوردستان، سەردانی بەڕێزیانی کرد.
لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی کۆچی ناوادەی کاک «سەلاح» کوڕی «باباعەلی» کە ماوەیەک لەمەوبەر بەهۆی نەخۆشیی کورۆناوە گیانی لەدەست دابوو، بەداخبوونی خۆی و حیزبی دێموکراتی بە ناوبراو ڕاگەیاند: «کاک سەلاح مێهرپەروەر، جیا لەوەی کە کوڕی کاک باباعەلی بوو، لە هەمان کاتدا بۆ خۆشی تێکۆشەرێکی دیار و کەسایەتییەکی جێگای ڕێزی نیشتمانپەروەران بوو و لەدەستدانی بۆ هەموومان خەسارێکی ناخۆش بوو».
«باباعەلی مێهرپەروەر» وێڕای دەربڕینی دڵخۆشی و سپاسگوزاری لەو سەردانەی لێپرسراوی گشتیی حیزب و شاندی هاوڕێی، لە هەمان کاتدا ئەویش بۆ کۆچی دوایی کاک «لوقمان مێهفەر» ئەندامی ڕێبەریی حیزب بەهۆی کورۆناوە، سەرەخۆشیی لە لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات کرد.

# پەیامی سەرەخۆشیی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات بەنیسبەت کۆچی دوایی کاک «فەیاز ئەکمەن»

«مستەفا هیجری» لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەنیسبەت کۆچی دوایی کاک «فەیاز ئەکمەن»جێگری سەرۆکی پارتی ئازادیی کوردستان پەیامێکی هاوخەمی بۆ ئەو حیزبە نارد.
دەقی پەیامەکە بەم چەشنەیە:
بەڕێز / کاک مستەفا ئۆزچەلیک
سەرۆکی گشتیی پارتی ئازادیی کوردستان (PAK)

بە بیستنی هەواڵی کۆچی دوایی کاک «فەیاز ئەکمەن» جێگری سەرۆکی گشتیی پارتە تێکۆشەرەکەتان، دڵگران بووین.
بەو بۆنەیەوە لەلایەن خۆم و ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، سەرەخۆشی لە بەڕێزتان و سەرجەم تێکۆشەرانی پارتەکەتان دەکەین و هاوبەشی خەمتانین.
دڵنیاین بە بەردەوامیتان لە تێکۆشان بۆ وەدیهێنانی مافی نەتەوەیی کورد، ڕۆحی کاک فەیاز و هەموو گیانبەختکردووانی دۆزی کوردستان شاد دەکەن.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**لێپرسراوی گشتی**
**مستەفا هیجری**
**١٥ی بانەمەڕی ١٤٠٠ی هەتاوی**
**٥ی مەی ٢٠٢١ی زایینی**

# پەیامی پرسە و سەرەخۆشیی حیزبی دێموکرات بۆ مەکتەبی سیاسیی پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان

بەڕێز: مەکتەبی سیاسیی پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان
وێڕای سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە
بە داخ و کەسەرێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی هەڤاڵ «ڕەسووڵ عومەر ڕەسووڵ» ناسراو بە «ڕەسووڵ قەڵازەیی» ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی حیزبە تێکۆشەرەکەتانمان بە پەتای کورونا پێ گەیشت.
بەو بۆنەوە بە ناوی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە هاودەردی و سەرەخۆشیی خۆمان بە ئێوەی خۆشەویست و هەموو هەڤاڵانی پارتەکەتان و بنەماڵەی نیشتمانپەروەری مامۆستا ڕەسووڵ قەڵازەیی ڕادەگەیەنین و بەشداری پرسەی ئەم ڕۆڵە تێکۆشەرەی گەلەکەمانین.
سڵاو لە گیانی پاکی مامۆستا ڕەسووڵ قەڵازەیی

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**دەزگای پێوەندییە گشتییەکان**

# ڕاگەیەندراوی یەکیەتیی خوێندکاران بەبۆنەی ١٢ی بانەمەڕ





١٢ی بانەمەڕ هێمای خەباتی چەک و پێنووسی کوردە
٥٤ ساڵ پێش کە دەسەڵاتی سەرەڕۆی پاشایەتیی بە خەیاڵی خۆی لەوپەڕی دەسەڵات و بەهێزیدا بوو و ژاندارمی ناوچەکەی بە خۆ بەخشیبوو، لە شاخەکانی کوردستان لەلایەن خەباتگێڕانی کورد ئەو ئیدعا پووشاڵییە وە درۆ کەوتەوە و ماوەی ١٨ مانگ خەباتێکی چەکداریی ڕزگاریخوازانە و مافخوازانە بەردەوام بوو. ئەم خەباتە کە لە مێژوودا بە خەباتی ٤٦-٤٧ ناسراوە لەلایەن کۆمەڵێک کادر و پێشمەرگەی تێکۆشەری حیزبی دێموکراتەوە سەری هەڵدا کە بوونی شەهید ئیسماعیل شەریفزادە وەکوو خوێندکارێک لەم خەباتەدا تایبەتمەندییەکی سەرنجڕاکێشی بەم قۆناغە لە مێژووی خەباتی گەلەکەمان بەخشی.
ڕاستە لەم قۆناغەی لە خەباتی نەتەوەکەمان کەسانێکی دیکە وەکوو مەلا ئەحمەد شەڵماشی ناسراو بە مەلا ئاوارە، شەهید عەبدوڵڵا موعینی و کەسانێکی دیکە بەشدار بوون و لەم ڕێگایەدا گیانی پاکی خۆیان فیدا کرد، بەڵام ڕۆڵ و بەشداریی کەسێکی وەکوو شەهید ئیسماعیل شەریفزادە کە خوێندکاری بەشی پۆلی تکنیکی زانکۆی تاران بوو، گڕ و تینێکی تایبەتی بەم خەباتە بەخشی.
ئەم ڕۆڵ و گرنگییەی شەهید ئیسماعیل شەریفزادە لەلایەن خوێندکارانی دێموکراتەوە لە ساڵی ١٣٨٣ی هەتاوی بەرز نرخێندرا و وەکوو ئەمەگناسییەک بۆ ئەو شەهیدانە بەتایبەت شەهید ئیسماعیل شەریفزادە ڕۆژی ١٢ی بانەمەڕ، کە ڕۆژی شەهیدبوونی ئیسماعیل شەریفزادە بوو وەکوو ڕۆژی خوێندکاری کورد دیاری کرا.
ڕاستە خەباتی نەتەوەخوازی و ڕزگاریخوازانەی کورد لە قۆناغە گرینگەکانی مێژوو لەسەر دەستی سەرجەم ڕۆڵە بەئەمەگەکانی کورددا ئەنجام دراوە، بەڵام هیچ کاتێک خەباتی کورد لە هەبوونی توێژی خوێندەوار و ڕووناکبیرانی سەردەم بەتاڵ نەبووە و ئەم کەسانە لە زۆربەی شۆڕشەکاندا ڕۆڵی پێشەنگایەتییان گێڕاوە و ئاڵاهەڵگری خەباتی نوێ و سەردەمیانە بوون، کە دەکرێت ئاماژە بە ڕۆڵی شەهید پێشەوا قازی محەممەد وەکوو ڕووناکبیری سەردەمی خۆی، شەهید ئیسماعیل شەریفزادە، شەهیدی ڕێبەر دوکتور قاسملوو، دوکتور شەرەفکەندی و سەدان خوێندەڤان و ڕووناکبیری دیکە لە ڕیزەکانی شۆڕشی ڕزگاریخوازانە و ناسیۆنالیزمانەی پشتئەستوور بە دێموکراسی بکرێت، کە بوونیان لە شۆڕشدا هەوێنی کوردایەتییەکی عەقڵانی و ئاوەزمەند بووە.
توێژی خوێندکار کە بە توێژی ڕەخنەگر و پرسیارخولقێنی کۆمەڵگاکان دەناسرێن، لە کۆمەڵگای کوردیدا بە هۆی کەشوهەوایەکی سیاسیی تایبەت و بەستێنی ئازادیخوازیی کوردستان لە هەموو کۆمەڵگایەک زیاتر ڕۆڵی خۆیان کە هەمان ڕەخنەگرتن و گۆڕانخوازییە دەگێڕن و لە هەر خەبات و شۆڕشێکدا هەبن بە دڵنیاییەوە خەباتێکی ئاوەزمەند و سەردەمیانە وێنا دەکرێن، بۆیە هەنووکە کە کۆمەڵگا کوردستان بە دەستی داگیرکەرانەوە دەناڵێنێت، ئەرکی سەرشانی هەموو خوێندکار، خوێندەڤان و مامۆستایەکە دژی بە داگیرکەرانی کوردستان بەتایبەت ڕێژیمی کۆنەپەرەستی ئاخوندیی ئێران ڕاوەستنەوە و بە پشتیوانی لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد زیاتر لە هەمیشە پاڵنەر و تەواوکەری ڕەوتی مافخوازیی نەتەوەی کورد بن.
سەرکەوێت خەباتی ڕەوای کورد
بەرز و پیرۆز بێت یادی شەهیدان ڕێگای ڕزگاریی کورد و کوردستان.
یادی شەهیدانی خوێندکاری کورد پیرۆز بێت
بڕووخێت کۆشکی ستەم و زۆرداریی داگیرکەرانی کوردستان

**یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستان**
**١٢ی بانەمەڕی ٢٧٢١ی کوردی**

# هەڵدان و دروستبوون و پێگەیشتن لە ڕەوتی چوونەپێش لەگەڵ کاروانی خەباتدا!

## لە پێوەندی لەگەڵ ژیان و خەباتی هاوڕێ کاک لوقمان مێهفەر، ئەندامی ڕێبەرایەتیی حیزبەکەماندا



ئیبراهیم لاجانی

بەشی دووهەم

پێش هەموو شتێک وەک باسم کرد ئەو هەر لە لەحزەی ئەوەڵەوە شایی بەخۆی بوو، بە ئەرێنییەوە تەماشای خۆی دەکرد، مەوجودیەت و ڕیسالەت و شوناسی خۆی لە خەبات و تێکۆشان و کوردایەتیدا دۆزیبوویەوە. لەوەش زیاتر تێمپرامێنتی کاری سیاسی و خەباتگێڕانەی تێدابوو.

ئەوە، ئەو بنەمایەیە زۆر گرنگە. لە فێنۆمینۆلۆژی و میتۆدۆلۆژی هێرمۆنۆتیکدا دەگوترێ لەکاتی لێکۆڵینەوە لە دیاردەیەکدا، هەرگیز نابێت تایبەتمەندییە جەوهەرییەکەمان لەبەر چاوان ون بێت.

وەک باسم کرد ئەو جەوهەر و شایی بەخۆبوونە، ئەو بنەمایەی کە وای لە کاک لوقمان کردبوو، وێنەیەکی پۆزەتیڤ و موسبەتی لە خۆی هەبێ، لە چوونە پێشی ئەو نەمرەدا لە مەیدانی خەباتدا، فاکتۆرێکی بنەڕەتی بوو.

مەسەلەی دووهەم ئەوەیە کە کاک لوقمان هەر زوو ڤیزشن واتە پەیام و ڕیسالەتی حیزبی دێموکراتی ناسی و وەریگرت و خۆی و خەبات و تێکۆشان و فەلسەفەی ژیانی خۆی لەگەڵ ئەو ڕیسالەتە و ئەو پەیامە لێک گرێ دا.

لەو چل ساڵەدا، زۆر جاران، حیزبی ئێمە و خەباتی میللەتی ئێمە توشی هەوراز و هەڵدێر و گەوە و گێرەو کێشەی نێوخۆیی سیاسی و تەشکیلاتی و شەڕ و شکان و پاشەکشە بووە.

مانەوە و ڕاوەستان لەبەرانبەر ئەو هەموو ناهەمواری و چاڵینجانەدا، سووربوون لەسەر ئیدامەکاری و درێژەی خەبات بەڕاستی سەختە. ئینسان دەبێ حەوت جار جەرگی بەقەدەر سێڵ بێ تا بتوانێ خۆی تێدا ڕاگرێ.

جارێک دوکتور قاسملوو گوتی حیزبایەتیم نەکردبا قەت سەرم سپی نەدەبوو. ئاخر جگە لە پیلانەکانی دوژمن، جگە لە نەداری و هەژاری و مەینەتبەشییەک کە لەو ڕێگایەدا بۆمان دێتە پێش، ململانێی سیاسی و تەشکیلاتی و دەروون حیزبی و کێشە و نەخۆشییەکانی نێو کۆمەڵگای دواکەوتووی کوردەواری، کە بەجۆرێک لە حیزبیشدا ڕەنگ دەدەنەوە، دەردی هەرەسەرکین، دەردی سەرباری هەموو دەردانن. بەڕاستی زۆرتر ئەوانەن کەسانی خەباتگێڕ بەلادا دێنن.

ئەو جەوهەرەی لە کاک لوقماندا هەبوو بۆ کاری سیاسی، ئەو توانایییەی کە بۆ خزمەت بە حیزب و ئامانجەکانی حیزب لەخۆی نیشان دەدا، ئەو مەسئولیەت قبووڵ کردنەی کە هەمیشە بەشێک لە فەلسەفەی ژیان و خەباتی بوو، کاک لوقمانیان وا لێ کرد لە مەیداندا بمێنێتەوە و هەمیشەش ئاسۆی خەبات و پەیامی حیزب و دروشم و سیاسەتەکانی حیزبەکەمان بکاتە قوتبنەمای کار و تێکۆشانی خۆی. قورئان داوا لە ئیمانداران دەکات دەست بە گوریسی خواوە بگرن و بەری مەدەن. (واعتصموا بحبل الله). ئاخر ئەو جۆرە ستراتیژییە، لە سەر پێچە سەختەکاندا، لە تۆفان و گێژەڵوکە و گەردەلولەکاندا، مرۆڤ لە کەوتن و هەڵدێران و کوێرزەینی سیاسی و بێ بەسیرەتی دەپارێزێ. بەوجۆرە بڕوای ئەو بە ئامانجەکانی حیزب و ڕیسالەتی حیزب و ئامادەیی بۆ کار و مایەلەخۆدانان ئەویان کردە ئەو ڕۆڵە تێکۆشەرەی حیزب کە دواتر لە ڕیزەکانی تەشکیلاتدا گوڵ بکا و، وەک هەزاران کچ و کوڕی دیکەی نێو بنەماڵەی گەورەی دێموکرات، ببێتە جێگای ئومێدی خەڵکی کوردستان.

ئەندراگۆگی، واتە پێداگۆگی گەورەساڵان دەڵێ هیچ شتێک وەک مەسئولیەت قبووڵ کردن ئێمە ناباتە پێشێ. ئەوە لە حیزبایەتی و کاری سیاسی و خەباتگێڕانەدا هەر زۆر ڕاستە. ئەگەر برای تێکۆشەرمان کاک مستەفا هیجری هەروەها هاوڕێی خۆشەویست کاک حەسەن شەڕەفی و بەندەی موخلیستان و سەدان و هەزاران کادری دیکەی حیزب لەوخەباتەدا بەرپرسایەتیمان قبووڵ نەکردبا، قەت نەدەبووینە ئەو کەسەی کە ئێستا هەین یان هەبووین.

وەک باسمان کرد کاک لوقمان کە هاتە ناوچەی پیرانشار لاوێکی تینئێبجەر بوو. زوو لە نێو ڕیزەکانی تەشکیلاتی یەکیەتی لاواندا گوڵی کرد و بوو بە سیمایەکی خۆشەویست. هەر لەو دەورەیەدا بوو کە لەگەڵ ماڵی مامۆستا مەلا عەبدولڕەحمانی لاهیجانی ئاشنا بوو و ژیانی هاوبەشی لەگەڵ خوشکە خەدیجەی لاهیجانی پێکهێنا.

ئەو ڕووداوە شوێن پێ و ڕەگی کاک لوقمانی لە نێو تەشکیلاتی حیزب، لە نێو بیۆسفیری حیزبی دێموکرات و کولتوور و فەرهەنگی حیزبی دێموکراتدا بەجۆرێک داکوتا، کە بە هیچ ڕەشەبایەک نەلەرزێ.

مامۆستا مەلا ڕەحمان لاهیجانی، یا بە وتەی خەڵکی پیرانشار کارەش کەسایەتییەکی سیاسی و حیزبی ناسراو بوو. قارەمانی بەربەرەکانی و خۆڕاگری نێوسیاچاڵەکانی ڕێژیمی شا بوو. بۆ ماوەیەکی زۆر لە زیندانەکانی ڕێژیمی شادا مابۆوە. وەک زیندانییەکی سیاسیی خاوەن ئیعتیباری سیاسی و جێگای متمانە و ڕێزی خەڵک و بیروڕای گشتی بوو. هەر لەسەرەتای دەستپێکردنی شۆڕشی گەلانی ئێران بەرپرسی شوڕای ئینقلابی شاری پیرانشار بوو. کەسایەتییەکی تەشکیلاتی و گەورەی حیزبی بوو لە پیرانشار. دۆستایەتییەکی نزیکی لەگەڵ کۆڵەکە گەورە و کادرە قەدیمییەکانی حیزب لە ناوچەکانی دیکەی کوردستان، لە ناوچەکانی سندوس و شنۆ و لاجان و پیران و بەربنە و نەڵێن و بەری مێرگاندا هەبوو. یەکێک لە کۆڵەکە پتەوەکانی تەشکیلاتی حیزبیش بوو لە نێو خەڵکی پیرانشار. وەک سەید حاجی کەڵەوی، عەوڵای مەلا عوسمانی، مام عەوڵای سەعیدی، کاک حەمەدی سەروکانی، سەید حەسەنی بابی گەورە، مەلا محەممەدی عوسمانی، وەک دامرۆتێ، وەک مامە سوارە سەکر، وەک مەلارەسوڵی گەردی، مەلابایزی محەممەدی و مەلانەجمەی ئاڵواتان، وەک مام ڕەسوی ئەمین عەشایری، وەک قادر لاجانی، وەک فەقێ ڕەسوڵی پایموزد، وەک کاک فەقێ برایم ، وەک مەلا محەممەدی پوریا و دەیان کادری تێکۆشەری دیکەی حیزب کە پێش شۆڕش و دوای سەرکەوتنی شۆڕش لەو ناوچەیەدا کاری حیزبی و تەشکیلاتیان کردبوو. خۆ لەخۆڕانییە ئێستاشی لەگەڵ بێ لە پیرانشار، هیچ هێزێکی سیاسی دیکە ناتوانێ ڕەقابەت و ململانێی سیاسیی لەگەڵ حیزبی دێموکرات بکات. ئەو ڕەگە پتەوانەی حیزبی دێموکرات لەو ناوچەیە دایکوتاون، بەشێکی زۆری بۆ ئەو کۆڵەکە و پنجە تەشکیلاتییانەی حیزب لەوێ دەگەڕێنەوە.

چەند ڕۆژ پاش شەهیدبوونی کاک دوکتور قاسملوو ، ڕۆژێک مامۆستا بانگی کردم و بۆ پەیمان نوێکردنەوە و بۆ پشتیوانی و هاوپێوەندی نیشاندان لەگەڵ ڕێبەری حیزب چووینە خزمەت کاک دوکتور سەعید. مامۆستا پێی وت بۆیە هاتووم تا بە ناوی هەموو میللەتی پیرانشاری، وەک نوێنەری مەنگوڕ و مامەش و پیران، لەو وەزعە سەختەدا پشتیوانی خۆمت پێ ڕاگەیەنم و داوات لێبکەم بەرپرسایەتی بردنە پێشی ئەو حیزبە وەئەستۆی خۆت بگرە. ئەمن پشتیوانیت لێدەکەم و لەگەڵتم. کاک دوکتور بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە هەستا و هات دەستی لەدەستی مامۆستا نا و سوپاسی ئەو هەڵوێستەی کرد. ئاخر ئەو دەیزانی لەو هەلومەرجەدا کە ئەودەم حیزبی ئێمەی تێدابوو، ئەو قسانەی مامۆستا چ مانایەکی بەرز و مێژوویيان هەیە. بەڕاستی ئەو نوێنەری میللەتی پیرانشاری بوو. خەڵکیش هەرئاوایان چاو لێ دەکرد. دواتر کاک موراد تاقانە کوڕی مامۆستاش هەر لەو ڕێبازەدا سەری نایەوە. پێگەو جێگەی ماڵی مامۆستا لە نێو خەڵک و حیزبدا هێندە گەورە و بەهێز بوون، کە کاک لوقمانیش دەیتوانی وزە و ئینێرژی وکریدیبیلیتی یانی ئیعتباری سیاسی و کۆمەڵایەتیان لێوەرگرێ.

دەڵێن لە پەنا هەر پیاوێکی سیاسی و خەباتگێڕی گەورە، ژنێکی گەورە و مەزن هەیە. ئەگەر ئەوە لە هیچ شوێنێک ڕاست نەبێت، لە پێوەندی لەگەڵ کاک لوقمان و هاوژینی ئازیزی ، خوشکە خەدیجەدا بەتەواوی ڕاستە. نەک هەر ئێمە کە دۆست و ئاشنای بنەماڵەی ماڵی کاک لوقمانین، بەڵکوو ئێستا هەموو بەدەنەی حیزب و تەشکیلاتی حیزب دەزانێ کە خوشکە خەدیجە بەڕاستی قەڵایەکی گەورە و پتەو بوو بۆ پشتیوانی لە کاک لوقمان و لە تێکۆشانی سیاسی و حیزبایەتی ئەو نەمرە. لەوەش زیاتر بۆ ئێمەش و بۆ هەموو ئەو کەسانەش کە لە نێوخۆ و دەرەوەی حیزبی دێموکراتدا پێویستیان بە موحیبەت و چاکە و گەورەیی و دڵفرەوانی خوشکە خەدیجە بووە، هەر ئاوا بووە. ئێستا پێشمەرگەکان خوشکە خەدیجە بە خوشکی گەورەی خۆیان دەزانن . گەورەیی و موحیبەتی خوشکە خەدیجە بۆ حیزبەکەمانیش مایەی شانازی و ئیفتیخارە. ئەو پەیکەرەی ئازایەتی و ڕۆحیەی بەرز و لە شکان نەهاتووییە. لە یەک قسەدا لە مەزهەبی خوشکە خەدیجەدا دیفیتیزم و شکەستپەزیری نییە. ئەوە فەرهەنگی حیزبی دێموکراتە. ئێمە لە جنسی دار حەیزەرانین، لە ژێر فشاردا ڕەنگە بچەمێینەوە، بەڵام قەت ناشکێین.

ئەمڕۆ وێنەیەکیم دی کە پاش ئەو کارەساتە چۆتە سەردانی پێشمەرگەکان لە قەندیل و کێلەشین ؛ جێگایەک کە لەو چەند ساڵەی دواییدا کاک لوقمان بۆ جۆشدان و سازماندانی سەرلەنوێی خەباتی چەکداری، زەحمەتی زۆری تێدا کێشا. ئەو ڕۆحیەی لە باوک و براکەی وەک میرات بۆ ماوەتەوە. مامۆستا لە ئاخرین لەحزەکانی ژیانیشیدا، دڵی تەنیا بە عیشقی ئازادی و چوونە پێشی حیزبەکەی، لێی دەدا.

دوای ئەو کارەساتە من و دایکی زانای لە خزمەت هەڤاڵان کاک سەید ڕەسوڵ و کاک محەممەد ڕەشەدا، بۆ هاوپێوەندیی نیشاندان لەگەڵ گەلاوێژ گیان و بەیان گیان کە لە نۆرویژ دەژین، سەردانمان کردن. بەیان بۆی گێڕامەوە گوتی دایکم بە ورەیەکی بەرزەوە لە نەخۆشخانەڕا زەنگی لێداوە و پێی گوتوم، ئەوە لوقمانی دەبەمە گۆڕستانی شەهیدان، تەسلیمی خاکی نیشتیمانی دەکەم و لەوێڕا دەچمەوە ماڵێ.

ئەو غروور و ئیفتیخارە لەو شەرایتە سەختانەدا، هەر لە ژنێکی وەک خوشکە خەدیجە چاوەڕوان دەکرێ. ئاخر گۆڕستانی شەهیدان لە فەرهەنگی حیزبێکی خەباتگێڕی وەک حیزبی ئێمەدا، گۆڕستانێکی ئاسایی نییە کە ئەوەی دەچێتە ئەوێ بکەوێتە نێو هەمبانەی فەرامۆشییەوە و لەبیر بچێتەوە. گۆڕستانی شەهیدان لە فەرهەنگی حیزبی دێموکراتدا زیارەتگایە. شوێنی پەیمان نوێکردنەوەیە. جێگای بەخۆداچوونەوە و خۆسازماندانەوە و کۆکردنەوەی ورە و هێزی ئەژنۆیە بۆ ڕێپێوانی زیاتر. لەو شوێنە کە خوشکە خەدیجە باسی دەکات، سەدان تێکۆشەری ئەو حیزبە کە هەموو ژیانی خۆیان لە خەباتدا داناوە، بەخاک سپێردراون. لەوێ ڕێبەرانی وەک کاک سەلامی عەزیزی، سەروان چەکۆ، سەید ڕەزا دروودگەر و مەنسور فەتاحی و دەیان کادر و پێشمەرگەی دیکەی بەوەجی ئەو حیزبە بەخاک سپێردراون. لەوێ مامۆستا مەلاڕەحمان لاهیجانی و دایکە مەلاژن و کاک ڕەسوڵی باوکی ئارسان واتە نەوە جوانەکەی کاک لوقمان بە خاک ئەسپێردراون.

کاتێک بەیان ئەو قسەی دایکی بۆ گێڕامەوە، دەستبەجێ گوتم بەیان گیان ئەوە سوننەتی بنەماڵەی ئێوەیە، دایە مەلاژنیش، واتە دایە گەورەش ئەودەم کە تاقە کوڕەکەی شەهید دەبێ و دەچێ تەرمی پیرۆزی بێنێتەوە هەر هەڵوێستێکی ئاوا لە خۆی نیشان دەدات.

درێژەی هەیە....

# ژیان بە کۆڵەوە



**نەکەرۆز**

لە درێژەی جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان دەرحەق بە کۆڵبەران شەوی چوارشەممە ٨ی بانەمەڕ، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «ڕەحمەتوڵڵا قادرنژاد»، خەڵکی مەریوان، بەهۆی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی، لە بەرزاییەکانی «تەتە»ی هەورامان بە توندی بریندار بوو. هێزە نیزامییەکان، ئەو کۆڵبەرەیان وێڕای گرووپێک لە کۆڵبەرانی دیکە، داوەتە بەر دەسڕێژی گوللە.

ئەمە یەکەم جار نییە کە جینایەتکارانی سەر بە کۆماری ئیسلامی جینایەتی لەو چەشنە لە کوردستان دەخوڵقێنن و بەدڵنیاییەوە دواجاریش نابێ کە دەبنە هۆی خەمباربوونی بنەماڵەیەک و داخدارکردنی دایکێکی زەجرچێشتوو و هاوسەرێکی چاوەڕوان یان منداڵێکی بێتاوان لە نازی باوک بێبەش دەکەن. ساڵانێکە پاسدارانی کۆماری ئیسلامی بێبەزەییانە و تەنیا لەبەر کوردبوون و ملکەچنەبوون دەسڕێژ لە خەڵکی مەدەنی، کاسبکار و بازاڕی و بەگشتی تاکەکانی ئەم نەتەوەیە دەکەن.

تەنیا لە مانگی خاکەلێوەی ئەمساڵدا وەک هەواڵدەریی مافی مرۆیی کوردپا دەڵێ، ١٢ کۆڵبەر کوژراون و بریندار بوون کە بەشێکی بەرچاویان لە ئەنجامی ڕاوەدوونانی هێزە بەناو نیزامی و ئینتزامییەکانی ڕێژیمەوە تووشی حاڵەتی لەم چەشنە بوون! هەروەها لە ساڵی ١٣٩٩ بە گشتی ٢٣١ کۆڵبەر لە کوردستانی ئێران کوژراون و بریندار بوونە. (٥٨ کوژرا و ١٧٣ بریندار).

ئەم ئامارە بۆ ٩ ساڵی ڕابردووی هەتاوی (لە سەرەتای ساڵی ١٣٩٠ هەتا کۆتایی ساڵی ١٣٩٩)، سەرجەم ١٥٠٦ کۆڵبەر بووە. (٥١٥ کوژراو، ٩٦٨ بریندار و ٣ کۆڵبەریش بێسەروشوێن).

چیرۆکی تراژیکی کۆڵبەران لە کۆمەڵگای کوردستان چیرۆکێکی نەبڕاوەیە کە لە سێبەری دەسەڵاتی ڕەشی ئاخوندیدا بەردەوام بەرهەم دێتەوە و وەچە لە دوای وەچە دەبێ ئەزموونی بکەنەوە چونکە ئەمە سیاسەتی بەکۆلۆنیکردنی ئابووریی کوردستانە و کۆماری ئیسلامی لەڕووی ڕوانینی کۆلۆنیالی خۆی بۆ کوردستان هەنگاوی بۆ هەڵدەگرێ.

ئەمەش لە کاتێکدایە کە لە بەرامبەر ئەم کۆڵبەرانەدا تاقمێک پوولبەریش بوونیان هەیە کە لە ڕێگەی ڕانت و ئیختلاس و گەندەڵیی سیستماتیکەوە کە سەرانی ڕێژیم ڕێگەخۆشکەر و تەنانەت جێبەجێکاری بوون و هەن، سەرقاڵی هەڵلووشینی ماڵ و سامانی گەلانی ستەملێکراوی ئەم جوغرافیایەن و بێ ئەوەیکە ئەزموونی عارەقی نێوچاوانیان کردبێ دەسڕەنجی خەڵکانی زەحمەتکێش بە تالان دەبەن و هیچ کەسێکیش ناتوانێ لێیان بپرسێتەوە کە بۆچی؟

لێرەدا نامانهەوێ باس لەم هەڵاواردنە سیستماتیکانە بکەین کە خەڵک بە ڕەگ و پێست و ئێسکەوە ڕۆژانە ئەزموونی دەکات بەڵکوو ئامانجمان لێرەدا زیاتر ورووژاندنی ئەو پرسیارەیە کە کەواتە کورد دەبێ چی بکات؟ یان لە بنەڕەترا کورد کەی ڕزگاری دەبێ و دەبێ بۆ ئەم ڕزگارییە چی بکات؟

بە باوەڕی ئەم قەڵەمە کورد کاتێک نەجاتی دەبێ کە بزانێ تەنیایە و بۆ ڕزگارکردنی خۆی دەبێ دۆخەکە بگۆڕێ؛ ئەمەش ئەو کاتە دێتە دی کە باوەڕ بەوە بهێنێ کە تەنیا بڕیارە کە گۆڕان پێک دێنێ.

کاتێک کە لە دایک دەبین بە سەدان و بگرە هەزاران یاسا و دەبێ و نابێ، باش و خراپ، بقە و قخە، گوناح و پیس و ناحەز و .... هتد ئێمەیان گەمارۆ داوە. واتە ئەوانە بەر لە بوونمان بوونیان هەیە و هەر تاکێکی کورد گەمارۆدراوی ئەم کۆمەڵە کۆسپ و کۆست و زنجیر و یاسا نووسراو و نەنووسراوانەیە.

دۆخێک کە کورد تێیدا دەژیت لە دوو حاڵەت بە دەر نییە: باش یان خراپ. ئەوەی ڕوونە زۆرینەیەکی ڕەها لە گەلی کورد نارازین! کەواتە دۆخی کورد خراپە. خاڵی گرینگ ئەوەیە کە ئەم دۆخە و ئەو شتانەی کە باسمان کرد، هەموو ئەوانەن کە ئێمەی کوردیان بەم ڕۆژە گەیاندووە.

کەواتە گەر دەمانەوێ ئەم دۆخە ناخۆشە درێژەی نەبێ یەک ڕێگامان زیاتر لەبەر نییە ئەویش گۆڕانە.

واتە دەبێ لە پێشدا لەباری مەعریفییەوە خۆمان بەو نوختە بگەیەنین کە دەبێ گۆڕان ساز بکەین.

ناکرێ لەو کەسانەی کە ئێمەیان بەم ڕۆژە گەیاندووە چاوەڕوانی گۆڕانکاریمان هەبێ.

خراپیان کردووە و لێشیان بپارێینەوە کە بۆمان چاک بکەن، شتی وا نابێ.

ئێمە دەبێ هەموو ئەو بەند و کۆست و زنجیر و کۆسپانەی کە لە ناخ و ڕواڵەتی کولتوور و کۆمەڵگاماندا دیارن یا حەشار دراون، بناسین و بیریان لێبکەینەوە و بۆ پێکهێنانی گۆڕان بە سەریاندا بفرین.

یەکەم هەنگاویش بۆ ڕزگاری ئەوەیە کە « خۆمان» بین. ئەوەش ناگونجێ مەگەر ئەوەیکە لە دەرەوەی ئەم نەریت و شێوەهزرین و ڕوانینانە بیر لە داهاتوو بکەینەوە.

تا ئەو ڕۆژەی بۆخۆمان بیر لە خۆمان نەکەینەوە و هەوڵ بۆ وەدەستهێنانی پێگەی ئینسانی خۆمان نەدەین، هیچ کەس و لایەنێک ناتوانێ ئێمە بە پێگەی ئینسانی بگەیەنێ.

ئێمە دەبێ بۆ خۆمان لە سەر پێی خۆمان ڕاوەستین و دڵنیا بین کەس نابێتە نێردیوان بۆ گەیشتنی ئێمە بە ئاواتەکانمان. ئێمە یەکجار تووشی شانسێک بە ناوی ‹‹لەدایکبوون›› دەبین و جارێکیش بۆ هەمیشە ‹‹ماڵ ئاوایی›› لە ژیانی سەر عەرز دەکەین، ئەم شانس و دەرفەتە هی تۆیە، هی منە، هی یەک بە یەکی ئێمەیە، هی هیچ کەسێکی دیکە نییە، کە لەڕاستیدا تاکێکی تاقانەین لەم جیهانە و لە شێوەی من و تۆ و ئەوی تر بوونی نییە.

ئەم دەرفەتە بە تۆ دراوە کە وەک خۆت بژیت، خۆت بە تاقی بکەیەوە، خۆت و زاتی خۆت و حەزی خۆت، چەند و چۆنی خۆت تەجرووبە بکەی. دەرفەت بدەی بە خۆت و نیهان و تایبەتمەندییەکانی خۆت تا باڵا بکەن، گەورە بی، تام و چێژ وەربگری و بژیت و دوایەش بڕۆیت.

تۆ لە دایک دەبی کە خۆت بناسی نەک ئەوەیکە ملکەچی حەز و ویست و ئیشتیای ئەویترەکان بی. کەوابوو فەلسەفەی بوونی تاکی کورد، کوردبوون و کوردانە ژیانە. بەداخەوە بە هۆی ژێردەستەبوون و زاڵبوونی غەیرە کورد بە سەر ئەم زاتە، مافی ژیان لەو زەوت کراوە.

ئەوەش ستەم و ناحەقییە کە لە سرووشت و فەلسەفەی بوونی تاکی کورد دەکرێ.

کەواتە ئەگەر دەمانهەوێ ئەو تاقە شانس و دەرفەتە کە بە کورد دراوە لە کیس نەدەین دەبێ لە دەست غەیری خۆمان دەری بێنین. ئازادی لە زەین و مێشکی تاکدایە نەک لە دەست کەسێکی دیکە. کاتێک تاک بڕیار دەدات و بڕیارەکەی بەکردەیی دەکات، واتە ئەو کەسە ئازادە.

یەکەم هەنگاو بۆ گەیشتن بە ئازادیش، تێکشکاندنی هەموو ئەو بەربەستانەن کە لە دەرەوی تاکرا چوونەتەوە نێو هزر و مێشکی. ئەگەر بتوانین خۆمان لەدەست بەربەست و کۆسپی زەینی ڕزگار بکەین، ڕزگاربوونی عەینیمان زۆر ئاسانە. ئەوەش ڕازی ژیانی ئازاد و ڕزگارییە و لە سەرەوەی ئازادیش هیچ نرخ و بەها و پێوەرێک بوونی نییە. ئەگەر دەمانهەوێ تراژێدیای ڕەحمەت قادرنژادەکان دووبارە نەبنەوە دەبێ ئەم کارە ئەنجام بدەین.

# پیرۆز بێ ڕۆژی جیهانیی ئازادی چاپەمەنی

**دالانپەڕ**

ڕۆژی ٣ی مانگی مەی (١٣ی بانەمەڕ) بە ناوی «ڕۆژی جیهانی ئازادی چاپەمەنییەکان» ناودێر کراوە. لەم ڕۆژەدا و لە سەرتاسەری دونیا دەبێ ڕێز لە چالاکانی بواری ڕۆژنامەوانی و چاپەمەنییەکان بگیردرێت، بەڵام بە کردەوە ئەم ڕۆژە بووەتە ڕۆژی دەربڕینی ڕەنجنامەی ڕۆژنامەنووسان و هەروەها کێشە و گرفتەکانی چاپەمەنییەکان لەهەمبەر گەیاندنی هەواڵ و زانیاری ڕوون.

ڕاگەیاندنەکان بەگشتی و چاپەمەنییەکان بەتایبەتی ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیە لە پێکهێنانی بیروڕای گشتیدا. هەتا ئەو جێگەیەی کە چاپەمەنییەکان وەکوو دەسەڵاتی چوارەم یان کۆڵەکەی چوارەم ناوزەد کراون و بە یەکێک لە کۆڵەکەکانی دێموکراسی ناوی لێ دەبەن.

خاوەنرایان بۆ دێموکراسی چوار کۆڵەکەیان دیاری کردووە کە بەم چەشنەن:

١- یاسای بنەڕەتی، وەک زایەڵەی خواست و ئیرادەی گشتی و ئازادی تاک و کۆمەڵگا

٢- پارڵمان وەک زایەڵەی ڕەهەندی زۆرینەیی نوێنەرایەتی کۆمەڵگا

٣- حیزبی سیاسی وەک زایەڵەی فرەدەنگی سیاسی

٤- بڵاڤۆک و چاپەمەنی وەک زایەڵەی ئازادی تاک، بیر و ئەندێشەی سەربەخۆ و ئازادی بیروڕا دەربڕین.

ئازادی بڵاڤۆک و چاپەمەنی وەک گەرەنتییەک بۆ ئازادی زانیاری، ڕادەربڕین و پلۆرالیزمی بۆچوون و هەروەها بڕیاردانی دێمۆکراتیک و ڕوون و کۆنترۆڵی سیاسەت لەلایەن بیروڕای گشتییەوە پێناسەی بۆ دەکرێ.

بێگومان کۆڵەکەی چوارەمی دێموکراسی وەک نوێنەری عەقڵانییەتی ڕەخنەگرانە و ڕەهەندی کۆمەڵایەتی دێموکراسی، لەلایەک گرینگترین ڕکابەری ناسیاسی دەسەڵاتی سیاسییە کە پێش بە پاوانخوازی دەسەڵات دەگرێ و لەلایەکی ترەوە تەنیا هێزی ڕەخنەگرە کە دەسەڵات ناچار دەکات وڵامدەر بێ. بەو پێیەش دەتوانین بڵێین کە بڵاڤۆکی ئازاد، گارانتی دابینبوونی دێموکراسی، ئازادی، یەکسانی و بەردەوامی سێ کۆڵەکەی تری دێموکراسییە لە ناخی هەر کۆمەڵگایەکدا؛ واتە لە نەبوونی بڵاڤۆکی سەربەخۆ و ئازاد دێموکراسی هیچ مانایەکی نییە.

بە دیوێکی تردا ئەگەر بمانهەوێ ئەم باسە شەنوکەو بکەین دەتوانین بێژین لە وڵاتێکدا یاسا بە تەواوی سەروەر بێت و سێ دەسەڵاتەکەی وڵات دەسەڵاتەکانی یاسادانەر، جێبەجێکار و دادوەری، سەربەخۆ لە یەکتر ئەرکەکانیان بەڕێوە بەرن، بەبێ بوونی ڕاگەیاندنی ئازاد، ئەم سەروەری یاسا و خەڵکە مەبەستەکەی خۆی ناپێکێ.

چاپەمەنییەکان، نوێنگەی داخوازییەکان و پێویستییەکانی کۆمەڵگا و نیشانەی پێشکەوتنی فەرهەنگی و دانبەخۆداگرتنی سیاسی و نیشانەی بوونی سەربەستی لە هەر کۆمەڵگا و وڵاتێکدایە، بۆیە دەبێ، پێویستییەکان و لاوازییەکانی بە شێوەیەکی جیددی لەبەرچاو بگیردرێت.

ئازادی ڕاگەیاندن و بەتایبەت چاپەمەنییەکان پێویستی بە ئازادی ڕادەربڕین و مافی بەدواداگەڕان، وەرگرتن و بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان و لێڕوانینەکان بە هەر کەرەستەیەکی پێوەندی و بێ قەتیسکردنی سنوورەکان هەیە. بۆیە زۆربوونی ڕاگەیاندنەکان و چاپەمەنی ئازاد، سەربەخۆ و پلۆرالیست بۆ هەر کۆمەڵگایەکی تەندرووست و زیندوو، پێویستییەکی بنەڕەتییە.

پەیامی ڕۆژی جیهانی ئازادی چاپەمەنییەکان بۆ کۆمەڵگای مرۆیی ئەمەیە، ئازادی چاپەمەنییەکان بەرهەمی بەربەرەکانێی ماندوونەناسانەی ڕووناکبیرانێکە، کە بە حەز و عەشقێکی بێ پایان بۆ دابینکردنی ئازادی و سەربەخۆیی بۆ ڕزگاربوون لە دیلبوون و داماوی مرۆڤەکان هەوڵێکی زۆریان داوە و تەنانەت گیانی خۆیشیان لەم ڕێگایەدا بەخت کردووە.

هەر بۆیە ئەرکی مرۆڤدۆستانەی ئێمەیە کە ئەم بەرهەمە گرانبەها و پیرۆزە بە هەموو هێز و توانامانەوە بپارێزین و لە پێناو بەرەوپێشبردنیدا تێبکۆشین و خاوەن بیر و قەڵەمەکان بەتایبەت هاوڕێیانی ڕاگەیاندراوە چاپەمەنییەکان لە کەشوهەوای ئازاد و دوور لە هەر چەشنە مەترسییەك بتوانن کاریگەری پۆزێتیڤی خۆیان لە کۆمەڵگادا بە باشی بەجێ بێنن.

ڕۆژی جیهانی ئازادی چاپەمەنییەکان، ئەم هەلە بۆ ئێمە دەڕەخسێنێ کە ڕای گشتی بۆ لای پێویستیی خەبات و تێکۆشان بۆ ئازادی ڕاگەیاندنەکان ڕابکێشین. ئێمە داوا دەکەین لە حکوومەتەکان و ڕێکخراوە ناحکوومییەکان لە سەرتاسەری جیهاندا کە بۆ پەرەپێدان بە ئازادی ڕادەربڕین لە ڕاگەیاندراوەکاندا، هاوشێوەی بنەما ناسراوە نێودەوڵەتییەکان هەوڵ بدەن.

لە کۆتاییدا، ٣ی مانگی مەی، ڕۆژی جیهانی ئازادی چاپەمەنییەکان لە هەموو ئەو کەسانەی کە پێنووسیان خستووەتە خزمەت ئازادی ڕا دەربڕین و لە ئازادی و یەکسانی پارێزگاری دەکەن و پابەندانە بۆ مرۆڤ و مرۆڤایەتی بیر دەکەنەوە و لاوازییەکان گەورەییەکانی باس دەکەن، پیرۆزبایی دەڵێین.

# ماف




نووسەر: ڕیچارد فاک*

وەرگێڕ: ساماڵ ئەحمەدی

چەمکی ماف لەم چەند دەیەی دواییدا بووەتە تەوەرەی تیۆریگەلی ئەخلاقی، سیاسی و دادوەری و گرینگایەتییەکی زۆری پەیدا کردووە، بە گوێرەی گرینگایەتییەکەیشی باشترین تیۆریزانان و بیرمەندانی فەلسەفیی ئەو سەردەمەی باس کرا بە چڕی سەرقاڵی پێکەوەدووانی زۆر ورد و زانستی دەربارەی چییەتی و سنووری ئەو چەمکە بوون.
وێنای ماف پێوەندییەکی نێزیکی هەیە لەگەڵ داوای ئەوەی کە کەسێک لە بوارێکی تایبەتدا پشتگیری بکرێت (ئەمە لە مافە مەدەنی و سیاسییەکاندا وەڕاست دەگەڕێت)، یان ئەوەی کە مافە یاسایی، یان ئەخلاقییەکەی پەسند بکرێت و بچەسپێنرێت (بۆ نموونە لە بواری مافە کۆمەڵایەتییەکاندا). ماف دەشێ لە قانووندا دیاری بکرێت، یان هەر وەکوو ئارەزوو بخرێتە ڕوو. لەوانەشە لێکدانەوەی ناکۆک دەربارەی ماف هەبێت کە نموونەکەی دەمەتەقێی نێوان لایەنگران و دژبەرانی لەباربردنی کۆرپەلە (ئاولەمە)یە؛ دژبەران، پێداگری لەسەر مافی ژیانی ئاولەمە دەکەن و لایەنگرانیش پێداگری لەسەر مافی هەڵبژاردنی دایک دەکەن. دەوڵەت لەوانەیە لەڕێگای یاساوە بتوانێت ئەو دەمەتەقێیە ببڕێنێتەوە، بەڵام لێکدژیی هەڵوێستە ئەخلاقییەکان لە بنەڕەتدا برانەوەیان بۆ نییە، بەتایبەت ئەودەمەی کەسانێک بەبێ هیچ شەرت و مەرجێک لایەنگری لە هەڵوێستێک دەکەن. ئەو کەسانەی کە دەمەتەقێیەکە بە لێکدژیی نێوان دوو جەمسەر دادەنێن لەبارەی تایبەتمەندیی ئەو مافەوە کە باسی دەکەن زیاتر مل بە سازان دەدەن.

## کۆنتێکستی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و فەلسەفی

گرینگایەتیی ماف ڕەنگدانەوەی خەباتی خەڵکە بەدرێژایی چەندین سەدە لە بەرانبەر حکوومەتە سەرەڕۆکان و لێڤەگەڕە زۆردارەکانی دیکەدا بەڵام نابێ دەربارەی سەرکەوتنی مێژوویی ماف و دێموکراسیی سیاسی بە هەڵەدا بچین. مەبەستێکی دیکەی پێداگری لەسەر ماف، پاراستنی کەمینەیە لە بەرانبەر زۆرداریی زۆرینەدا، یان پاراستنی تاکە لە وەزەندی وێکهەڵنەکردن و بێسەبری و بینکورتییە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان. پەڕاندنی بەرەبەرەی ئەو بۆچوونە لیبراڵییەی ڕۆژئاوا سەبارەت بەوەی کە تەنیا حکوومەتانی خاوەنی دەستوور (یاسای بنەڕەتی) ڕەوایی تەواویان هەیە، یارمەتیی ئەو بۆچوونە بەرفراوانترە دەدات کە پێی وایە خواستەکانی ئەوانەی حکوومەتیان بەسەردا دەکرێت شیاوی تاوتوێکردن و لەبەرچاوگرتنە. خەباتی بەرفراوان لەپێناو زاڵبوون بەسەر ئەو ڕەنجە مرۆڤییانەدا کە دەکرێ خۆیان لێ لابدرێت، هەڵاڵە و گەوهەری ئەو خواستانەیە. ئەنجامی هەمووی ئەو هەوڵانە، خواستی کۆمەڵگایە بۆ سنووردارکردنی دەسەڵاتی دەوڵەت و نوێڵەکانی دیکەی دەسەڵاتداری (جا دەسەڵاتی خاوەنکاری بێت، یان ئایینی).
سەرهەڵدانی چەمکی شارمەندی (هاووڵاتی / شارۆمەندی) ئەو بۆچوونەی بەهێزتر کردووە کە تاک کۆمەڵێک مافی هەیە و بەدەر لەوەیکە لە کوێوە ڕەنگە دەستدرێژیی بکرێتە سەر، دەبێ بپارێزرێت. بەڵگەی ئەم باوەڕە بزووتنەوەی مافی مەدەنیی ئەمریکا لە دەیەی ١٩٦٠دا بوو بەڵام ڕۆڵی ئەرێنیی دەوڵەت لە بواری پاراستنی مافەکاندا خۆی لە چەندین لاوە جێی گەنگەشەیە. یەکەم ئەوەی کە بەتایبەت لە وڵاتانی دەرەوەی ڕۆژئاوادا جیایی تەواوەتیی ئایین (دین) لە دەوڵەت ڕەد کراوەتەوە و ئەو بۆچوونە ئایینییانەی بەسەر ئەخلاقدا زاڵن لەو مافانە بە گرینگتر دادەنرێن کە دەوڵەت هەنگاوی بۆ هەڵگرتوون، یان بە پێوانەی نێودەوڵەتی ناسراون. لەم جۆرە وڵاتانەدا ڕۆڵی ئەرێنیی دەوڵەت لە بواری پاراستنی مافەکاندا بناغەی زۆر پتەوی نییە. بێجگە لەوە، ئێستا ڕۆڵی دەوڵەت وەکوو پارێزەری خۆشبژێوی و تەندروستیی مرۆڤەکانیش کەوتووەتە بەر تیری توانجی لایەنگرانی بەگوڕی ئابووریی بازاڕەکی (Market economy) کە دەڵێن کارایی و شیاوی لە تایبەتمەندکردنی سەرچاوەکاندا لەگەڵ مافگەلی پێوەندیدار بە خۆشبژێویی مرۆڤەکانەوە بە تەواوی یەک ناگرێتەوە.
مێژووی زمانی ماف وەکوو زمانی سیاسەت دەگەڕێتەوە سەر بەرخودان لە بەرانبەر پلەی پادشایەتیدا کە کۆتاییەکەی شۆڕشەکانی بریتانیا و ئامریکا و فەرانسە بوو. لە هەرکام لەم بابەتانەدا چەمکی ماف بوو بە کەرەستەی هەرەگەورەی ڕەواندنەوەی بەرەنگاری و لێکدژی لەنێوان دەسەڵاتداریی دەوڵەت و ئیرادەی سەربەخۆیی خەڵکی سەر بە حکوومەت. لە سەدەی نۆزدەیەم بەملاوە، ئەو بابەتەی ناکۆکیی لەسەر بووە بەردەوام ‹‹مافی›› بنەڕەتیی خەڵک بۆ دەربڕینی پێملی و پەڕاندن لەڕێی هەڵبژاردن، یان شتی ترەوە بووە. چەمکی ماف پێوەندیی بە چەمکەکانی ڕەوایی و فەرمانڕەوایی لە چوارچێوەی حکوومەتی قانوونیدا هەیە. پەڕاندنی مافی خۆزاییی شۆڕش دژی حکوومەتگەلی ستەمکار و زۆردار دەرخەری قووڵایی ئەو پێوەندییەیە کە باسمان کرد. بنەمای ئەم پێوەندییە دوولایەنەیە ئەرکی ڕێزگرتن لە یاسا و لێڤەگەڕییەتیی دەوڵەت لەلایەک و ئەرکی حکوومەت لە کردەوەیدا بەپێی بنەماکانی ویژدان و پاراستنی ڕێز لەلایەکی دیکەوەیە. چەمکی پەیمان، یان گرێبەستی کۆمەڵایەتی لەنێوان حکوومەت و خەڵکدا ئالێرەوە سەرچاوە دەگرێت. هەڵبەت ئەو جۆرە پەیمانە خۆی هەر گریمانەیەکی مێژوویییە و هەرگیز لە هیچ زەمانێکی ڕاستیدا گرێ نەدراوە. بناغەکەی نەریتی جوو-مەسیحییە سەبارەت بە پەیمانێک لەنێوان خودا و بەنی ئیسرائیلدا کە تێیدا ئەرکی بەرانبەری هەر دوولا قبووڵ کراوە.
لە گۆڕانی ئەو کردەوانەدا کە پێوەندییان بە مافەوە هەیە، کاریگەریی فەلسەفەی سیاسی بەسەر هەڵسوکەوتەکان و دامەزراوە سیاسییەکانەوە بە ڕوونی دیارە. وتەی فەیلەسووفی ئینگلیزی، «جۆن لاک»، دەربارەی مافە لێکدانەبڕاوەکانی خەڵک، لە بناغەدانانی کۆماری ئەمریکادا پاش شۆڕشی دژی حکوومەتی کۆلۆنیالیستیی بریتانیا کاریگەریی زۆر ڕوونی هەبوو. هەروەها ئەوانەی شۆڕشی مەزنی فەرانسەیان هەڵگیرساند و تەنانەت ئەو خەڵکە زۆرەی لە پاریس ڕاپەڕین، نووسراوەکانی ڤۆڵتێر و ڕووسۆ و دیدەرۆ و ئەوانەیان بە تەواوی لە زەیندا بوو. گیانی شۆڕشگێڕانە کە زێدەڕۆییی گەیاندە ئاستی تۆقاندن بۆ پێداویستیی دامەزراندنی چوارچێوەیەکی نوێ داڕێژرابوو کە بە یەک جار هەموو سەرەڕۆییەکانی ڕێژیمی پادشایەتیی فەرانسە و کلیسای کاتۆلیک و ستەمی پێکهاتە ئابوورییە فیۆداڵییەکان هەڵتەکێنێت. کۆڵەکەی ئەم چوارچێوەیە پشتیوانی و لایەنگریی شۆڕشگێڕان لە ‹‹مافەکانی مرۆڤ›› بوو کە بە باوەڕی ئەوان لە سەرووی هەموو بەربەستێکی سەرڕێیانەوە بوو. سەدەی هەژدەیەم بە پەڕاندنی ئەو مافانە وەکوو بناغەی سنوورە یاساییەکانی دەسەڵاتی دەوڵەت کۆتایی هات.

## مارکسیزم

تەوەرەی قۆناغی دووهەمی خەبات، سنووردارکردنی دەسەڵاتی بازاڕ بوو. هاتنە مەیدانی کرێکاران و بەربەرەکانێی مارکسیزم بابەتەکەی لە ئاستی جۆراوجۆردا هێنایە گۆڕێ. مارکسیست-لێنینیستەکان کاریان بەسەر مافەکانەوە نەبوو، باوەڕیان بەوە بوو کە دادپەروەری و نادادپەروەری ئادگار و نیشانەی بێ ئەملاوئەولای حکوومەتی چینایەتییە و تاکە ئامانجی سیاسی کە پێوەندیی بە بابەتەکەوە هەیە بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتە لەلایەن کۆمەڵانی خەڵکەوە، چونکە دادپەروەری لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا هەرگیز ناشێت و لە کۆمەڵگەی بێ چینایەتیدا ستەم بواری دەبێت. ڕووخانی یەکیەتیی سۆڤییەت ئەو جۆرە بۆچوونانەی تەقریبەن لە هەموو جێیەک لە برەو خستووە و بووەتە هۆی ئەوەی کە بە گرینگیپێدان و جێبەجێکردنی مافی جۆراوجۆر، پێداگریی لیبراڵەکان لەسەر پێویستیی لادان لە کەڵکاوەژووی دەسەڵات لە هەر پلەیەکدا سەرلەنوێ برەو پەیدا بکاتەوە. شکستی مارکسیست-لێنینیست داکشاوەتە نێو بەستێنی گشتیی بەها سووسیالیستییەکانەوە، بەتایبەت بۆ نێو مافەکانی دەستەبەریی کۆمەڵایەتی و خۆشبژێوی. ئێستا بۆچوونی زاڵ لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا ئەوەیە کە بازاڕ دەبێ لە بەندی گوشاری ناڕەوا ڕزگار بکرێت، بە واتایەکی دیکە، بەشێک لە مافەکانی پێوەندیدار بە دەستەبەریی کۆمەڵایەتی وەربگیرێنەوە. بۆ نموونە، سوید کە زۆر لەمێژ بوو یەکێک لە پێشەنگەکانی پەرەدان بە خۆشبژێویی شارمەندانی خۆی بوو، لە دەیەی ١٩٩٠ـەوە وا دیارە هاتووەتە سەر ئەوەی کە توانای بەربەرەکانێی لە ئابووریی جیهانیدا بەهۆی زێدەڕۆییی لە بەخشینی مافەکانی دەستەبەریی کۆمەڵاتیدا لە کورتیی داوە.

## مافەکانی مرۆڤ

لە پاش جەنگی دووهەمی جیهانی جۆرێکی نوێی ماف، واتا ‹‹مافی مرۆڤ›› پێگەیەکی بەرزی پەیدا کردووە. لەکاتی ڕاگەیاندنی ‹‹جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ››ەوە لە ساڵی ١٩٤٨دا دەوڵەتان بەرەبەرە ئەوەیان قبووڵ کردووە کە کۆی خەڵک مافی ئەوەیان هەیە کۆمەڵێک پشتیوانییان هەبێت و لە پێداویستییە ماددییە سەرەتاییەکان سوودمەند بن. بزووتنەوەی مافی مرۆڤ بە ئاشکرا سەرکەوتنی لیبراڵیزمی ڕۆژئاوایی بوو لە بواری بەها و باوەڕەکانی تاکدا، بەڵام وەک بڵێی لە بەڵێنە نێودەوڵەتییەکاندا بەشێک لە بۆچوونە سووسیالیستییەکانیش کە واتای بەکۆمەڵیان هەبوو و لە سەردەمی شەڕی سارددا لە لایەن یەکێتیی سۆڤییەتەوە پشتیوانی دەکران، تاکوو ڕادەیەک هەر لە بەرچاو دەگیران. گشتگیرترین کۆکراوەی مافەکانی مرۆڤ لە دوو پەیماننامەدا جێ کراونەتەوە کە لە ساڵی ١٩٦٦دا خرانە بەردەمی دەوڵەتان بۆ ئەوەی واژۆیان بکەن: یەکیان ‹‹پەیمانی نێودەوڵەتیی مافە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان››ە و ئەوی دیکە ‹‹پەیمانی نێودەوڵەتیی مافە مەدەنی و سیاسییەکان››. لەم دوو بەڵگەنامەیەدا لە بنەڕەتەوە تایبەتمەندییەکان و بنەماکان بەیان کراون. هیچ مێکانیزمێکی جێبەجێکردن لە گۆڕێدا نییە و زۆربەی ئەو دەوڵەتانەی ئەو پەیماننامەیان ئیمزا کردووە، لەوانە دەوڵەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا، هەرگیز ئیرادەی سیاسیی پێویست بۆ پەسندکردنی ئەو پەیماننامانەیان لای خۆیان شک نەبردووە. تەوەری دژایەتیی ئەم بابەتە ئیدیعای دژبەرانە سەبارەت بەوەی کە مافی مرۆڤ مافی سەروەریی دەسەڵاتی دەوڵەت پێشێل دەکات کە دەبێ لە هەموو ئیددیعایەکی لێڤەگەڕانەی دەرەکی دوور و پارێزراو بێ؛. بەڵام سەرباری ئەو گرفتانەش، بزووتنەوەی مافی مرۆڤ لەدرێژاییی چەند دەیەی ڕابردوودا بەردەوام خێراتر بەرەو پێشەوە چووە و بە دەربڕینی هەموو وردەکارییەکانی، چەمکی ماف لە چەندین پەیماندا دەرەوشاوەتەوە کە تێیاندا سەرنج خراوەتە سەر ئەو گرووپانەی لە هەمبەر کەڵکاژۆوەکاندا زیاتر خەساریان بەر دەکەوێت. بەرهەمەکەیشی کۆمەڵێک پەیمان سەبارەت بە بابەتگەلی وەکوو جیاکاریی ڕەگەزی و ژنان و منداڵان بووە. کاریگەربوونی مافی مرۆڤ زۆرینەی چاودێرانی تووشی سەرسووڕمان کردووە. حکوومەتەکان پەڕاندیان کە مافی مرۆڤ کۆمەڵێک ئەرک لە مافە نێودەوڵەتییەکاندا دابنێت، بەڵام زۆرینەیان ئامادە نەبوون بە کردەوە ڕێز لە مافی مرۆڤ بگرن، یان لەڕێگای دانوستانەوە وای ڕێک بخەن کە دەستدرێژییە بەرچاوەکان نەمێنن. سەرباری ئەوانە، چەسپاندنی مافی مرۆڤ لە تایبەتمەندییەکانی مافە نێودەوڵەتییەکاندا وردە وردە لە زۆر لایەنی جیاوازەوە گرینگایەتیی پەیدا کرد. لەلایەکەوە تۆڕێکی بەرفراوانی ڕێکخراوەی بانەتەوەیی و نادەوڵەتی سەری هەڵدا کە هەموویان سەروکاریان لەگەڵ مافی مرۆڤ بوو و بە کەڵکوەرگرتن لە زانیاریی بەڵگەمەند دەربارەی دەستدرێژییە دیارەکان دەستیان کرد بە گوشار خستنە سەر ئەو دەوڵەتانەی زۆربەیان ئابڕوو و ناوبانگی خۆیان بەلاوە گرینگ بوو. بێجگە لەوەش، ڕای گشتی لایەنگریی لە بەکارهێنانی نوێڵی ئابووری لە بواری مافی مرۆڤدا کرد کە بەڵگەی ئەوە سیاسەتی یارمەتییە ئابوورییە دەرەکییەکانی ئەمریکا لە نێوەڕاستی دەیەی ١٩٧٠ـەوە بووە.
لەلایەکی دیکەشەوە، ڕەوتە گشتییەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتی لەگەڵ ئەو خواستانەی لە تایبەتمەندییەکانی مافی مرۆڤدا هەبوو، ڕێک کەوت. لە بواری پێوەندییەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا بەشی زۆری ڕێککەوتننامەکانی ساڵی ١٩٧٥ی هێلسینکی لەبەر ئەوە بە گرینگ دادەنران کە ئەو سنوورانەی پاش جەنگی دووهەمی جیهانی لە ئورووپا بەدی هاتبوون، بە فەرمییان دەناسین. لەو پەیماننامانەدا کۆمەڵێک پێشبینی سەبارەت بە بەرپرسیارییەتیی وڵاتانی ئورووپایی لەهەمبەر مافی مرۆڤدا کرابوو کە لەو سەردەمەدا وەکوو بانگەشەی جەنگی سارد بە سووک چاویان لێ کرا و بە شیاوی سەرنج دانەنران. بەڵام ئەو لێکۆڵینەوە ساڵانەیەی کە دەربارەی حاڵەتەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئورووپای ڕۆژهەڵات و ناوەندی بەپێی ‹‹پرۆسەی هێلسینکی›› دەبوو بکرایە، بەرەبەرە هەم لە ڕوانگەی بەهێزکردنی ئیرادەی گشتی لەو وڵاتانەدا بۆ ئەوەی خۆڕاگری بکەن و هەم لەڕووی لاوازکردنی باوەڕی ڕێبەران سەبارەت بە توانای فەرمانڕەواییی خۆیان، گرینگایەتییەکی زیاتری پەیدا کرد. سەرهەڵدانی گۆرباچۆف لە کۆشکی کرملین و لایەنگریی سیستمی ڕێبەریی یەکیەتیی سۆڤیەت لە پەڕاندن و پێملبوونی مافی مرۆڤ و دێموکراسی، بۆ پتەوکردنی ئەو بابەتانەی باس کران زۆر کاریگەر بوو. ئەمڕۆ کە ئاوڕ لە ڕابردوو دەدەینەوە دەبینین کە ئازادیی ئورووپای ڕۆژهەڵات و ناوەندی و یەکیەتیی سۆڤیەت ڕەنگدانەوەی کاریگەریی مافی مرۆڤ لەسەر هەڵسوکەوت و کرداری سیاسی بووە.

## بانەڕۆژی مافی مرۆڤ

بابەتی مافی مرۆڤ لە جیهاندا بڵاو بووەتەوە و پێچەڵپێچییەکانی تاکوو ڕادەیەک ترسێنەرە. گەڵێک داهێنانی جۆراوجۆر بەمەبەستی بەرەوپێشبردنی مافی مرۆڤ لە ئاستگەلی ناوچەییدا بەرچاو دەکەون، بەتایبەت لە ئورووپا کە جۆرە پێکهاتەیەکی جێبەجێکەر ئەو دەرفەتە بە تاک دەدەن کە کۆمەڵێک ئیدیعا دەربارەی دەوڵەتەکانیان دەربڕن. بێجگە لەوە، لە زۆر بواری پشتگیریدا، وەکوو پشتگیری لە خەڵکی خۆوڵاتیی کۆمەڵێک وڵات، یان مافی پیاوان و ژنانی هاوڕەگەزخواز، ئەو پێوانانەی هەن ناتەواو و نەشیاون. سەرباری ئەوەش، ئێستا ڕێسا و نۆرمی نەریتیی ناڕۆژئاواییی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر خۆی نیشان دەدات و ئەوانەی باوەڕیان پێیان هەیە وەکوو ڕەخنە جاری وایە دەڵێن، ئیدیعای گشتگیر و جیهانی بۆ مافی مرۆڤ بێبنەمایە و پێشداوەری و لایەنگریی تایبەتی ڕۆژئاواییان تێدا شاراوەیە، بەڵام جاری وایە ڕەخنە لە خۆیان دەگرن و باسی بابەتگەلی وەکوو دڵڕەقی لە سیستمی هیندۆسیی ‹‹کاست››، یان سزای جەستەیی و دۆخی ژنان بەپێی بەشێک لە بۆچوونە ئیسلامییەکان دەکەن.
بێگومان هەڵچوونە بانەتەوەییەکانی ئەم ساڵانەی دوایی لە بواری مافی مرۆڤەوە هەروا بەردەوام دەبێت و کاریگەری لەسەر چۆنیەتیی ژیانی سیاسی دادەنێت. چەندی زانیاریمان دەربارەی ئەم بابەتە زیاتر بێت کە ژیان لە گوندی جیهانیدا بە چ واتایەکە و چەندیش پێوەندیی هەمیشەییی فەرهەنگەکان لەڕێی پێوەندییە ئەمرۆییەکان و کۆچی نێوان فەرهەنگییەوە زیاتر بێت، بەو ڕادەیەش وێکهەڵکردن و بیندرێژی و تێگەیشتن و درک و پەنابردنە بەر مافەکان بۆ پەرچەکردار لەهەمبەر ڕەنجە ناچارەکییەکانی مرۆڤدا زیاتر دەبێت.

* ڕیچارد فاک (Richard Falk)، مامۆستای مافە نێودەوڵەتییەکان لە زانستگەی پرینستۆن (Princeton University)ی ئەمریکا و، توێژەر و نووسەری ناوداری بواری مافە.

# پیرۆز بێ ڕۆژی خوێندکاری کورد




**ڕەوتی شۆڕشگێڕیی لە ڕۆژهەڵاتی نیشتمان پێوەندییەکی قایم و پتەوی لەگەڵ زانکۆ وەک دامەزراوەیەکی دنیای دێموکراتیک و مۆدێڕن هەیە و بەشداریی خوێندکاری شۆڕشگێڕی کورد لە ڕەوتی ڕەوشنگەری و بەرەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی پێناسەی وجوودی بزاڤی خوێندکاری کوردە**

**ناسر فەتحی**

چوار دەیەیە سیاسەت و ستراتێژییەکی شاراوە، شکستخواردوو و دزێو لە پێناو خزمەتکردن بە دەسەڵاتی ئایەتوڵڵاکان لە ئێران بەڕێوە دەچێت و دەرەنجامەکەی هەڕەشەی زیاتر، ململانێ و کێبڕکێی مەترسیدار، ئابووریی داڕماو، پێکهاتەی دەوڵەتێکی ناکام، حاکمیەتی لاواز و ناڕەوا، گەمارۆی ئابووری و سازبوونی هێزە میلیشیایی-تێرۆریستییەکان، کۆڕەوی خەڵک، پەرەسەندنی بناژۆخوازی لە ناوچەکەیە کە دۆخێکی شکێنەر بە ئەکتەریی «فاکتەرێکی نادڵخواز» وەک کۆماری ئیسلامی ئێران و هاوبیرەکانی پێک هێناوە.

بابەتە لەلایەن خوێندکارانی شەهید لە قوناغەکانی شۆڕش هەر لە ساڵەکانی ٤٧ـ ٤٦ی هەتاویدا بە ڕێبەرایەتیکردنی شۆڕش و تیئۆریزەکردنی خەبات لە مەیدانی کردەوەدا خۆی سەلماندووە، هەروەها لە شۆڕشی ٥٧ی هەتاویشدا بە بەشداریی خوێندکار و خوێندەڤانان لە شار و شاخ تێگەیشتنی ئێستامان لە ڕابوونی ڕۆژهەڵات بەدی دەکرێت کە هەردەم خوێندکاری کورد لە گۆڕەپانی خەباتدا چالاکیی بونیاتنەرانە و شوێندانەرانەی هەبووە. بەشداریکردنی تیئۆری و پراکتیکی لە بزاڤە سیاسییەکان ئەرکی پێشەنگایەتی، شەرافەتی زانکۆ و خوێندکارە بۆ پاڵپشتیکردن لە کۆمەڵانی خەڵک بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵگایەکی ئازاد و دادپەروەرانە.

بزاڤی خوێندکاریی کورد و ئێرانی زۆرەملێی مامۆستایان، داخستنی گۆڤار و ئەنجوومەنە خوێندکارییەکان، دابڕاندنی زانکۆوەکانی ئێران لە زانکۆ بەناوبانگەکانی جیهان و پێشگرتن بە ئاڵوگۆڕی فیکری و زانستی لە زانکۆوەکان، بە «بوومیـ» ـکردنی زانکۆ، «جیاکردنەوەی» ڕەگەزیی لە زانکۆوەکان و هەڵاواردنی ڕەگەزی، سازکردنی زانکۆکان لە دەرەوەی شارەکان یان «پەردیسیـ»ـکردنی زانکۆوەکان، دروستکردنی زانکۆی جۆراوجۆر و دابەزاندنی ئاستی زانستی، «سەهمیەبەندیکردن»، لەمپەری «کونکوور» بۆ چوونە زانکۆ، دەستێوەردان لە هەموو جمگەکانی زانکۆ و بە پۆلیکردنی خوێندن و هەروەها بانگەشەی ئایدئۆلۆژیک لە زانستگە و زانکۆوەکان، درووستکردنی فەزایەکی سەرگەرمیانە و بەرخۆری، ئیسلامی ناتوانێت ئیرادەی بەسەر خەڵکدا بسەپێنێت.

ئەوە ئاوەزی بەکۆمەڵ، فیداکاریی کۆمەڵانی خەڵک، بەرژەوەندیی گشتی و نەتەوەیی، ویستی ڕزگاری، ئازادی و دادپەروەرییە کە لەکۆتاییدا بەسەر بەرەی نادێموکراتیکدا سەر دەکەوێت. دەبێت بە شانازییەوە بڵێین کە ئەزموونی پێکەوەبوون و هاوخەباتی خوێندکارانی کورد لە زانکۆوەکانی کوردستان و ئێران بە پاراستنی جیاوازییە فکرییەکانیان، ئەزموونێکی سەرکەوتووە کە هاوخەباتی بەرەی ئازادیخوازی ڕۆژهەڵات بۆ ڕزگاریی خاکی کوردستان و بەدیهێنانی ئازادی و یەکسانیی کۆمەڵایەتی لە نیشتمانەکەماندا شوێندانەر بووە. ئیرادە و هزری ڕێبەرانی شەهیدی خوێندکارمان لە ساڵەکانی ٤٧ .

**ئیرادە و هزری ڕێبەرانی شەهیدی خوێندکارمان لە ساڵەکانی ٤٧ . ٤٦دا بۆ زیندووکردنەوەی فکرییەتی شۆڕشگێڕانە لە دژوارترین دۆخی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووریی کوردستان وانەیەکە بۆ هەموو وەرزەکانی شۆڕشمان کە لە بەرانبەر ناوەندگەرایی و عەقڵییەتی کۆلۆنیالیستیی تاراندا، ئاوری خەباتمان پڕتینتر و دەنگمان بەرزتر و قەڵەمی دەستمان بەبڕشتتر لە خزمەت نەتەوە و ئاواتی شەهیدانمان بێت و وەفادار بین بە ڕێگا و ڕێبازی پڕسەروەری کوردایەتی.**

ئەمە لە حاڵێکدایە کە لە بەرانبەر ئەم سیاسەتگەلە، ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ڕابوونی خۆی وەک ئاڵترناتیڤێکی بەهێز لەژێر وێژمانی ڕاسان بە بەرەیەکی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی ـ دێموکراتیک لە ئێستەدا بەرخودانێکی بێوێنە لە ئێران و کوردستاندا تاقی دەکاتەوە کە پەیامێکی ڕوونی هەیە ئەویش ئەوەیە کە کوردستان سەنگەری خەبات دژی فاشیزم، دیکتاتورییەت و بندەستییە و ئیرادەی خۆی تەسلیمی ئیرادەی ڕێژیمی ئاخوندی ناکات.

ڕەوتی شۆڕشگێڕیی لە ڕۆژهەڵاتی نیشتمان پێوەندییەکی قایم و پتەوی لەگەڵ زانکۆ وەک دامەزراوەیەکی دنیای دێموکراتیک و مۆدێڕن هەیە و بەشداریی خوێندکاری شۆڕشگێڕی کورد لە ڕەوتی ڕەوشنگەری و بەرەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی پێناسەی وجوودی بزاڤی خوێندکاری کوردە؛ ئەم پێوەندی و باندۆڕێکی ماناداریان لەسەر یەکتر هەیە لە دۆخی پێکهاتوو لە ژێر سیاسەتەکانی ڕێژیمدا، ڕێـــژیم بەردەوام لە هەوڵی «سیاسەت زودایی» لە زانکۆوەکان و پێکهێنانی فەزایەکی پۆلیسی و ئەمنییەتی بووە بەتایبەت ئەم بەرنامانە لە زانکۆوەکانی ڕۆژهەڵات و نەتەوەکانی تر زەقترە. پرسی زانکۆ و ڕێکخراوە زانستییەکان لە باری چۆنایەتی و چۆنیەتی ئاستی زانستییان بە عەقڵییەتی کۆلۆنیالیستی و ناوەندگەرایی ئێرانی بەستراوەتەوە کە لەمپەری سەرەکیی زانکۆ و خوێندکارە کوردەکانە لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا. بەگشتی دوای سەرکوتی زانکۆوەکان لە دەیەکانی ڕابردوو، بەندکردنی چالاکانی خوێندکاری، دەرکردنی خوێندکارە ناڕازی و جیابیرەکان، بە «ستارە»دارکردنی خوێندکارەکان، خانەنشینکردنی هەروەها هەوڵی تواندنەوە و سڕینەوەی ڕیسالەتی وجوودی زانکۆ و خوێندکار بە مەبەستی ئەتۆمیزەکردنی کۆمەڵگا و بێبایەخکردنی ئاکادیمیا لە چارەسەرکردنی کێشەکان و وەرگرتنی بەرپرسایەتی بە نیسبەت کۆمەڵگا لە خوێندکار و لەنێوبردنی ناوەندی زانکۆ وەک چەقی کۆمەڵگای دێموکراتیک و مودێڕن لەهەمبەر ناوەندە نەریتخواز و خۆرافییەکاندا، بەگشتی ڕێژیم بە ستراتێژی جۆراوجۆر و ناڕەوا و نادێمۆکراتیک و گوشاری دووقات و چەندقات لە ساڵەکانی ڕابردوودا لە هەوڵی بێکەرامەتکردنی زانکۆ و دابڕانی لە شۆڕشدا بووە، هەر بۆیە ئەرکی زانکۆ، خوێندکار و خوێندەڤان لە هەلومەرجی شۆڕشگێڕیدا هەبوون لە سەنگەری خەڵکیدایە، چونکە سەرچاوەی ئیرادە لە دەستی کۆمەڵانی خەڵکدایە و کۆماری ٤٦دا بۆ زیندووکردنەوەی فکرییەتی شۆڕشگێڕانە لە دژوارترین دۆخی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووریی کوردستان وانەیەکە بۆ هەموو وەرزەکانی شۆڕشمان کە لە بەرانبەر ناوەندگەرایی و عەقڵییەتی کۆلۆنیالیستیی تاراندا، ئاوری خەباتمان پڕتینتر و دەنگمان بەرزتر و قەڵەمی دەستمان بەبڕشتتر لە خزمەت نەتەوە و ئاواتی شەهیدانمان بێت و وەفادار بین بە ڕێگا و ڕێبازی پڕسەروەری کوردایەتی. هەر بۆیە خوێندکاری کورد پێشمەرگەی زانکۆیە کە سەلماندوویەتی ڕۆڵەی نەتەوەیە و خەمی چەوساوەکان و زوڵملێکراوان و بندەستانی هەیە کە بوێرانە دژ بە عەقڵییەتی داگیرکەرانی وڵاتەکەمان ڕاوەستاون و بە خەباتی بێوچان و بەردەوامیان، یاد و ناوی شەهیدانی خوێندکارمان بەرز و بەڕێز ڕادەگرن.

## ویـــستگە

## ژنان و کچانی خوێندکار داینەمۆی گۆڕانی بنەڕەتین



**نووسین: هێمۆ**

لە ڕۆژژمێری ئێمەدا، ڕۆژی ١٢ی بانەمەڕ وەکوو ڕۆژی خوێندکاری کورد ناودێر کراوە. ڕۆژێک کە هۆکاری سەرەکیی ناودێرکردنەکەی بۆ شەهیدبوونی شەهید سمایل شەریفزادە بە دەستی دەسەڵاتدارانی پەهلەوی دەگەڕێتەوە و دەرفەتێکی باشە تاکوو خوێندکارانی مەتەرێزی خەبات و شۆڕشگێڕانی نێو زانکۆ، لەگەڵ ڕێبازی شەهید شەریفزادە و سەرجەم شەهیدانی کوردستان پەیمان نوێ بکەنەوە.

لەڕاستیدا دۆخی زاڵ بە سەر هەر کۆمەڵگایەکدا جیاوازە و زۆرجار بەپێی پێویستیی کۆمەڵگاکە، حەشیمەتی ئەو کۆمەڵگایە بەنیسبەت خواست و ویستەکانیان ئەگەریش بە دڵخوازی خۆیان نەبێ، بە سەر دەستە و گرووپ و توێژی جیاجیادا دابەش دەکرێن، ڕەنگە ئەمە یەکێک لە باشترین ڕێگاکان بۆ پێداگری کردنی هەرکام لەو دەستە، گرووپ و توێژانە لە سەر داوا ڕەواکانی خۆیان بێت، چونکە هەرکامەیان بەپێی جیهانبینی، داواکاری و ویستەکان و هەروەها پێداویستییە بنەڕەتییەکانی خۆیان، داوای دەستەبەربوونی مافەکانیان دەکەن و بە دڵنیاییەوە لە ئاکامی سازماندرانێکی باش و ڕێکوپێکدا دەتوانن باشتر ئامانجەکانی خۆیان بپێکن. ئەوەی کە لە چوارچێوەی ئەم نووسینەدا دەخرێتە بەرچاو، گرینگیی هەبوونی کچان و ژنان لە سەنگەری زانکۆدایە، کە تا چ ڕادەیەک ئەتوانێ لە سەر داخوازییە ڕەگەزی و هەروەها نەتەوەییەکانیان کاریگەری هەبێت، چونکە لەڕاستیدا داخوازییەکانی ژنان و کچانی کورد هیچکات لە ویست و خواستی نەتەوەیی بەدوور نەبووە و نابێت. کچان و ژنانی خوێندکار دەبێ چی بکەن؟ دەبێ چۆن لەم ڕێبازەدا هەنگاو هەڵبگرن؟ دەبێ بۆ کام ئامانج تێبکۆشن؟ و لە کۆتاییشدا ئایا هەنگاوهەڵگرتن لەم ڕێگایەدا دەتوانێ ئەوان لە ئامانجەکانیان نزیک بکاتەوە؟ لەڕاستیدا هەر کۆمەڵگایەک ڕێژەیەکی بەرچاو لە پێشکەوتن و سەرکەوتنی خۆی لە توێژی ئاکادێمیکی خۆیەوە وەردەگرێ، ئەم توێژە بەپێچەوانەی توێژەکانی دیکە، بە جیهانبینی و تێگەیشتن و ئاوەزێکی پتەوترەوە هەوڵ بۆ چارەسەریی کێشەکان دەدەن و بەدڵنیاییەوە بۆ چارەسەریی پرس و بابەتە گرینگەکانی کۆمەڵگاش لە مێتۆد و فۆرمی پێشکەوتوو و ئەمرۆژیتر کەڵک وەردەگرن، کەوابوو ئەتوانێ کاریگەرییەکی دیارتر و بەرچاوتریشی هەبێت. کچان و ژنانی خوێندکار، بەپێی ئامارە بڵاوکراوەکان لە ئێران و کوردستانیشدا ڕێژەیان زیاتر لە پیاوانە، ئەمە ئەتوانێ وەکوو دەرفەتێک چاوی لێبکرێت تاکوو ئەوان بە ڕێکخستنی ئەنجومەن و گرووپی جیاجیا لە زانکۆکاندا، هەنگاو بۆ داواکانی خۆیان هەڵبگرن.

هەرچەند کە گوشارەکان لە زانکۆکاندا بۆ کچان و ژنان زۆر زیاترە، بەڵام ئەمە نابێ ببێتە هۆی ئەوەی کە ئەم توێژە لە هەنگاوهەڵگرتن و بەرەوپێشچوون پاشگەز ببنەوە. ئەوەی کە بە خۆشحاڵییەوە لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا بینیومانە چالاکی و بەشداریی ئەکتیڤی ژنان لە پرس و بابەتە جیاوازەکاندا بووە، کە ئەمە لە ئاستی زانکۆکانی ئێران و کوردستانیشدا بەرچاوە، توێژی ژنانی خوێندکار، وەک توێژێکی خوێندەوار و خاوەن زانست و خاوەن پێگەی کۆمەڵایەتی و زانستیی تایبەت دەبێ بتوانن، لە دەرفەتەکانی بەردەمیان باشترین کەڵک وەربگرن چون لە ڕاستیدا چاوەڕوانییەکان لە ژنێکی خوێندەوار کە بە شێوەی ئاکادێمیک فێری زانست دەبێت و دەتوانێ بە شێوەی لۆژیکی کێشە و ئاریشەکانی کۆمەڵگا لێک بداتەوە، زۆر زۆر زیاتر لە باقی توێژەکانی نێو کۆمەڵگایە. زۆرجار باس لەوە دەکرێت کە ئەو وڵاتانەی کە سەرۆکەکانیان یان کابینەی سەرۆکایەتییان لە ژنان پێکدێن، لە ئیدارەکردنی وڵات و تەنانەت لە کۆنترۆڵی قەیران و کێشەکانیشدا سەرکەوتووترن، ئەمە ڕێک بۆ ئەو ڕاستییە دەگەڕێتەوە کە درووستکردنی دەرفەت بۆ ژنان ئەتوانێ هەنگاوێکی جیددی و قایم لەڕاستای بەختەوەری کۆمەڵگاشدا بێت، ئەو ڕاستییەی کە ٤٢ ساڵە کۆماری ئیسلامی و ئاخوندەکانی سەر بەم دەسەڵاتە نکۆڵیی لێدەکەن و بە هیچ مەرجێک ئامادە نین لە بیرە تەسک و دواکەوتووەکانیان بەرانبەر بە ژنان پاشگەز ببنەوە، بەپێچەوانەش لە هەر دەرفەتێک بۆ سەرکوتی زیاتریان کەڵك وەردەگرن جا لە ڕێگەی فتوایەکەوە بێت یان چەسپاندنی یاسایەکی دژەژنی دیکە! هەروا کە ئاماژەی پێ کرا، ویست و داخوازیی ژنانی خوێندکاری کورد لە ویست و داخوازیی نەتەوەیی جودا نەبووە و نابێ، لەڕاستیدا هەر هەنگاوێک کە ژنان لەڕاستای خواستە ڕەگەزییەکانیان هەڵیدەگرن، هەنگاوێکیش لە خواستە نەتەوەییەکانیان نزیکیان دەکاتەوە و بەپێچەوانەکەشی هەروایە، هاوتەریبوونی ئەم دوو خەباتە بۆ ژنان ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە و زۆرجاریش بینیومانە کە ژنان بە بێ سەرنجدان بە ڕەگەز و وەک مرۆڤێکی ئازا و وشیار لە پێناو دەستەبەرکردنی مافە نەتەوایەتییەکانیاندا هەوڵیان داوە چونکە باوەڕیان وابووە کە چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەیی، یەکەمین هەنگاو بۆ چارەسەرکردنی پرسەکانی ئەوانیشە، هەر بۆیە زۆر ژنی ئازا و بوێرمان هەبووە و هەیە کە زانکۆیان کردووەتە سەنگەری بەرخودان و بە جێبەجێکردنی ئەرک لەم سەنگەرەدا، هەوڵیان داوە خۆیان و کۆمەڵگاکەشیان بەرەو لای بەختەوەری ببەن. ژنان و کچانی خوێندکار، ئەرکێکی قورسیان لە سەرشانە، ئەوان ئەتوانن داینەمۆی گۆڕانێکی بنەڕەتی بن، ئەوان دەتوانن بونیاتنەرێکی باشی نیشتمان بن و بوێرانە شان وە بەر خەمەکان و ئازارەکانی کۆمەڵگاکەیان بدەن.

بەرز و بەڕێز بێت یادی خوێندکارانی شەهیدی سەنگەری بەرخودان و بەتایبەت شەهید سمایل شەریفزادە و هاوڕێیانی

# دیاردەی خۆکوژی لە ئێراندا



**هیوا خانی**

خۆکوژی لە ئێران بە هۆگەلی جۆراوجۆر لە نێو کۆمەڵگا وەها پەرەی ئەستاندووە کە هەموو کات بە کردەوەیەکی قێزەونی کۆمەڵایەتی چاوی لێکراوە، ئەمڕۆ لە دیاردەبوون تێپەڕیوە و وەک پەتایەک بەربینگی کۆمەڵگای ئێران و کوردستانی گرتووە.
ڕۆژ نییە هەواڵی خۆکوژی، خۆهەڵواسین، خۆسوتاندن، خۆهەڵداشتن، لە شارەکانی ئێران و کوردستان نەبیستین!.
خۆکوژی لە هەموو کۆمەڵگایەک وەک کردەوەیەکی کۆمەڵایەتی بوونی هەیە کە بە هۆی کێشەی بنەماڵە، باری ڕۆحی ڕەوانی، گرفتی ئابووری، تایبەتمەندی کەسییەتی و ... دێتە ئاراوە کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ هەڵسوکەوتی تاک لە کۆمەڵگادا هەیە.
هەر کات لە کۆمەڵگایەکدا ڕاددەی پەیوەندی نێوان کەسەکانی کۆمەڵگا لەسەر بێت، ئەگەری خۆکوژی یەکجار زۆر دێتەخوار بە پێچەوانەشەوە هەر کات پەیوەندی تاک لەگەڵ کۆمەڵگا دابەزێ یان بپچڕێ ئەگەری خۆکوژی لە تاکی کۆمەڵگادا دەچێتەسەر!.
لە کۆمەڵگای ئێران کە کۆمەڵگایەکی سوننەتییە و تیکنۆلۆژی و مۆدێرنیتەی بەسەردا باریوە هەموو کەس لە ماڵە خۆی دانیشتووە دنیای لە بەرچاوە و ئاگاداری هەموو سرێکی ئەو گوندیلەی کۆمەڵی خۆرە!.
بە ئیشتیای خۆی دەتوانێ کەڵک لە زانیارییەکانی چاک و خەراپی بەردەستی وەربگرێ.
لە هەمان کاتدا لە دنیایەک دەژی کە لەگەڵ دنیای ئەو زانیارییانە مەودای ڕێگای کاکێشان لێک دوورن!.
ئەو لە ئێرانی بەردەستی مەلایان کە پڕ کراوە لە بەربەست و ئەمر و نەهیی یاسایی و شەرعی و عورفی و کلتووری و کۆمەڵایەتی و تەنانەت فتوای «من ورگی» مەلایانە بۆ نان برژاندن و حوکمڕانی کردن بەرەوڕوو بۆتەوە، بە تەواوی چوار میخە کراوە کە هیچ ڕێی دەربازبوون و دەراوێکی ڕوون بۆ کەسانی نەفس نزم و بێورە نامێنێتەوە.
تەواو بەو ئاکامە دەگا کە بژاردەی خۆکوژی کە دوایین هەڵوێستە بۆ ڕزگاربوون لەو تەنگەژەیەی تێیکەوتووە هەڵبژێرێ!.
زانایان لەسەر ئەو باوەڕەن کە هیچ کۆمەڵگایەک نییە کە خۆکوژی تێدا نەبێ، بەڵام کاتێک ئاماری خۆکوژی لە کۆمەڵگایەک بەڕادەیەکی زۆر هەڵدەکشێ، ئیتر ئەوە کردەوەیەکی کۆمەڵایەتی نییە بەڵکوو دەکرێ وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی چاوی لێبکرێ کە تاقمێکی کۆمەڵگا یان بە گشتی کۆمەڵگا لە کارەساتێکی مەترسیدار و ڕووداوێک کە گوزارشت لە گرفتگەلێکی تازە هەڵتۆقیو لەو کۆمەڵگایە دەکا.
دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە دنیای پەساپۆست مۆدێرن و سەردەمی عەولەمە و پێشکەوتنی زانست و تێکنۆلۆژی بە حەرەکەتێکی قەهقەڕایی نەک گەڕاوەتەوە بۆ سەردەمی چاخی بەردین بەڵکوو لەباری ئابووری و ڕامیاری و بژیوی ژیانیش تەنگی بە خەڵک هەڵچنیوە؛ بە شێوەیەک کە هێندێک لە خەڵک بۆ دابینکردنی نانی ڕۆژانە تێیدا ماونەتەوە!! ئەو دوو شتە جیاواز و ناتەبایە لە چوار دیوارییەک بەڕاستی کێشەخوڵقێن دەبێ و بووە.
ئێستا کە لە کۆمەڵگاکانی جیهان خۆکوژی کردەوەیەکی کۆمەڵایەتییە، یان لە هێندێک وڵات وەک دیاردەیەک دەردەکەوێ لە ئێرانی ژێردەستی مەلایان قۆناغێک بەرەولووورتر چووە و بۆتە پەتایەک. پەتایەک کە هەموو سوچ و قوژبنێکی ئەو وڵاتەی گرتۆتەوە. پەتایەک کە سەرچاوەکەی دەسەڵاتی نگریس و بەڕێوەبەرایەتی گەندەڵ و دەوڵەتمەدارانی کەللە ویشک و پاشکەوتوو و خۆبەزلزانە کە بۆ هەناردەکردنی شۆڕش ( صدور انقلاب) بۆ دەرەوەی وڵات و برەوپێدانی دەسەڵاتی ڕەشی خۆیان خەڵکیان موحتاجی نانی شەو کردووە.
ئەمڕۆ ئەو کەسەی لەبەر نەداری و دەستنەڕۆیشتوویی و قەرزداری خۆ دەکوژێ، ئەو کەسەی بۆ ئەوەی خەجاڵەتی ماڵ و منداڵی نەبێ خۆ دەکوژێ، ئەو کەسەی لەبەر ئەوەی ناتوانێ گووشی مۆبایل بۆ دەرس خوێندنی جگەرگۆشەکەی بە بەرنامەی شاد دابین بکا خۆی دەکوژێ، ئەو کەسەی کە ڕۆژ کاری وەدەست نەکەوتووە کە شەو نان بۆ خێزانی برسی بەرێتەوە خۆدەکوژێ، ئەو لاوەی لەو سەردەمەدا نە کاری هەیە، نە ماڵی هەیە، نە ژنی هەیە، نە بنانی هەیە، هیچ دەراوێکی ڕوون شک نابا هیچ کەسیش نییە قۆڵی هیممەتی بۆ هەڵماڵێ، لە خۆکوژی بەولاوە هیچ دەرەتانێک نابینێ.
لە کوردستان کە شەپۆلی بێکاری و هەژاری کە تەوژمی بە بەراورد لەگەڵ ئێران چەند قاتە، کۆڵبەری کە کارێکی تاقەتپڕوکێنە بووە بە پیشە!! ئەوەش چەشنێک خۆکوژییە. کۆڵبەر لەگەڵ ئەوەی دەزانێ مەرگی لە پێشە، لەگەڵ ئەوەی هەموو کۆسپ و گرفت و مەترسییەکانی لەبەر چاوە، سینگ پێوەدەنێ نەترسانە.
ئەو لەبەر حەیای خۆی بۆ دابینکردنی نانێکی شەرافەتمەندانە، سەرما و گەرما، کێو و چیا، مین و کەمین دەبڕێ و سەردادەنێ لە ڕێگای نان و نەمان!.
ئەوەش چەشنک خۆکوژییە!!. کێ دەزانێ لە سەرمان ڕەق نابێتەوە!، کێ دەزانێ هەڵنادێرێ، کێ دەزانێ ناچێتە سەر مین، کێ دەزانێ لە پڕ گوللەی گەرم ساردی ناکاتەوە!.
بەڵێ ئەوانە هەموو خۆکوژین کە سەبەبکار و هۆکاری سەرەکی ئەو خۆکوژییانەش تەنیا کۆماری ئیسلامییە. سەرانی ئەو ڕێژیمە لە بری لێکۆڵینەوە لە هۆگەلی خۆکوژی و چارەسەری ئەو پەتایە و نەهێشتنی گرفتی خەڵک، هاتووە ڕێگری لە بڵاوکردنەوەی هەواڵی خۆکوژی و کۆڵبەرکوژی و خۆلەنێوبردنی لەم چەشنە لە گۆڤار و ڕۆژنامە و بگرە دنیای مەجازی و سایتە خەبەرییەکان و لە کاناڵە تێلێگرامییەکانی نێوخۆ دەکات و بە قاچاغ و بقەیان ناو دەبات. شاردنەوەی ڕاستییەکان چ کێشەیەک کەم ناکاتەوە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە بەپێی یاسای سەقەتی خۆیان ئەرکە لەسەر شانی دەوڵەت کە کار و نان و خانوو بۆ خەڵک دابین بکات.

# شۆرای شار و گوندەکان و دەهۆی تازەی ڕژیم!

**سارێژ مۆکریانی**

ڕێژیمی ئێران کە لەمێژە هەستی بە لەدەستدانی مەشروعییەتی خۆی لە نێو خەڵکدا کردووە و باش دەزانێ کە خەڵک خەتتی خۆیان جودا کردۆتەوە; بەڵام سیستمی زاڵ هیچ ڕێگایەکی دەربازبوون و دەرەتانێکی بۆ خەڵک نەهێشتۆتەوە بۆیە بە هاوکاتکردنی هەڵبژاردنەکان (شۆراکان و سەرکۆماری و نوێنەرایەتی مەجلیس و خیبرەگان) دەیهەوێ ئەو شکست و ئابڕووچوونە بشارێتەوە و لەو ڕێگایەوە بەشداری خەڵک کە بەهۆی کەسایەتی و خزمایەتی و عێل و عەشیرەوە بە ناوی خۆی و مەشروعییەتدان بە خۆی ئەو کەمووناتە خەڵکەی بەشداری دەکەن و فەرماندارەکانیش ئاماری بەشداری ئەوەندەی دیکە دەبەنە سەرێ و بۆ باڵادەستی خۆیانی بەڕێدەکەنەوە! بێنێتە ئەژمار.
دیارە جێگەوپێگەی شۆرا هاوشێوەی شۆرا لە نێو کۆمەڵگا جۆراجۆرەکانی تر سەنگ و بایەخ و گرینگایەتی تایبەت بە خۆی هەیە،
شۆرا نیشاندەری ڕاستەقینەی دەسەڵاتی خەڵک لەبۆ خەڵکە کە شوێنێکی گرینگی لە کۆمەڵگادا هەیە و بە کەڵکوەرگرتن لە ئەندێشەی جەماوەری و بڕیاری هاوبەش دەتوانن بە جۆرێک وڵات بەڕێوە ببەن و بەرپرسایەتییەکان دابەش بکەن کە متمانەی لانیزۆری خەڵک وەدەست بێنێ بەڵام هیچ کات لە ئێران، لە سەردەمی پاشایەتییەوە بگرە هەتا ئێستا، ئەنجومەنی شار و شۆراکان نەگەیشتۆتە ئەو ڕاددەیە کە بە دەست خەڵک بێ و حەقی خۆی وەک دەسەڵاتی خەڵک پێدرابێ.
یاسای ئەنجوومەن و شۆرا لە زەمانی قاجارەکانەوە هەتا ئەمڕۆ بناوبێر بۆ چاونووساندنی خەڵک کاری پێکراوە و لە یاسا و قانووندا تاڕادەیەک ئەرک و پێسپێردراویان بۆ دیاری کراوە! هەموو کات وەک پارلەمانێکی بچووک و مەجلیسێکی ڕاوێژ لە شار و گوندەکان چاوی لێکراوە! هەر چەند کاری پێنەکراوە! لە کۆماری ئیسلامیش لە یاسای بنەڕەتی یاسای شۆراکان گونجێندراوە بەڵام هێندەی پێداچوونەتەوە و زیاد و کەمیان کردووە کە ماهییەتی خۆی وەک شۆرا لە دەست داوە و بووە بە کەللا و کەیخودایەک لەسەر شارەداری و هەیبەتی خۆی دەنوێنێ!!
یەکەم یاسای شۆراکان لە ساڵی ١٣٦١ لە مەجلیسی ئێران پەسند کرا کە ٥٣ مادە و ٢٦ تەبسەرەی لەخۆ دەگرت. ساڵەکانی ٧٥ و ٨٢ و ٩٦ پێداچوونەوەی بەسەردا کراوە و زۆر ساڵیش بڕگە بڕگە زیاد و کەمی بۆ کراوە!
بەڵام ئەوەی ڕوونە هەر چەند جار کە پێداچوونەوەی بۆ کراوە زیاتر بە قرتاندن و لاوازکردنی پێگەی شۆرا کۆتایی هاتووە.
بە کورتی بەڵایەکیان بەسەر ئەو یاسایە هێناوە کە ناناسرێتەوە و شۆرایەکی بەتەواوی مانا کارتۆنیان هێناوەتە ئاراوە. کارێکیان کردووە کە تەنیا لە خزمەت دەسەڵاتدا بێ و کارە نالەبارەکانی ئەوان ئیسکۆرت دەکا.
یانی ئەوەی ڕاستی بێ ئێستا تەنیا دەوڵەت و دەسەڵات بە تەواوی بە قازانجی خۆیان کەڵک لە شۆرا و بڕیاراتی شۆرا و ڕۆڵی شۆرا وەردەگرن.
ئەمڕۆ شموڕاش ئەمر و نەهییەکەی تەنیا لەسەر شارەدارە، دەست بۆ هەر چاکسازی و ئاوەدانییەک بۆ باشترکردنی باری شار و شارۆمەندان دەبا!
یان بودجەیان نییە یان قانوون ڕێگایان پێنادا دەست بۆ ئەو کارە بەرن.
لەلایەکی دیکەوە دەسەڵات و دەستوپەیوەندییەکانی و باندەکانی دزی و گەندەڵی لە شۆرا و شارەداری بۆ مشەخۆری و گیرفان پڕکردن بە شێوەی ڕانت و زەمینخاری و دەورلێدانی یاسا و لە گەڵاڵەی گشتی (طرح جامع) و گەڵاڵەی وردەکاری (طرح تفضیلی) بە حەزی خۆیان هەڵکێش داکێشی پێدەکەن! بۆیە لە کاتی خۆشیدا داڵدەیان دەدەن و پشتیوانیان لێدەکەن.
بە جۆرێک کە بە سەنەد و بەڵگەی حاشاهەڵنەگر و مەحکەمەپەسند گەندەڵی و دزی شارەداری و شۆرا دەخرێنە ڕوو و ئاشکرا دەکرێن بەڵام چوونکە هێزی قەزایی و سیاسی و نیزامی پشتگیریان دەکەن کەس ناتوانێ پێیان بڵێ پشتی چاوتان برۆیە!.
بە ئاشکرا شار تاڵان دەکەن، خەڵک دەخەنە ژێر گوشار، لە بەرانبەر خەڵکدا وڵامدەرەوە نین، ئەوجۆرەی پێویستە لە خزمەت شار و خەڵکی شاردا نین و بە کورتی بە تەرخانی شار بەڕێوە دەبەن.
دەسەڵات لە ڕابردوودا کە لەباری کارییەوە کەڵکی نابەجێی لە شۆرا وەردەگرت ئەمڕۆ لەباری ماهییەتیشەوە کەڵکی نابەجێیان لێوەردەگرێ!
ئێستا بەپێی هەواڵەکان لێژنەی بەڕێوەبەری (هیئت اجرایی ) شیاویی زیاتر لە ٩٠٪ خۆپاڵێوراوانی شۆرای شار و گوندەکانی پەسەند کردووە؛
ئەوە لە حاڵێکدایە کە هێندێک لەو کەسانەی خۆیان بۆ شۆرای شار بەربژێر کردووە بە ڕاشکاوی چاوی تەماح و دزییان لە پۆستی شۆرا و شارەداری هەیە! بەڵام مەبەستی دەسەڵات شتێکی سەرووی ئەمانەیە؛ ئەو کە ترسی بەشداری نەکردنی خەڵکی لە پێش چاوە بە پەسەندکردنی شیاویی خۆپاڵێوراوەکان دەیانهەوێ بە زیادبوونی نەفەرات ڕاددەی بەشداری خەڵک بەرێتە سەر و ئابڕووی خۆیانی پێبکڕنەوە!
پێویستە خەڵکی ئاگا و وشیار و وەزاڵەهاتووی ئێران و کوردستان ئاگاداری دەهۆکانی ڕێژیم بن و بەرانبەر بە چەواشەکارییەکانی مەلایان بوەستنەوە و ئەوە بزانن کە ئەگەر من دەنگ نەدەم و تۆ دەنگ نەدەی!
ڕێژیم تەریک دەمێنێتەوە، مەشروعییەت لەدەست دەدات.
بە هەڵوێستی بەشداری نەکردنی جەماوەر لە شانۆی هەڵبژاردن، ڕێژیمی لەرزۆکی ئاخوندی بە چۆکدا دێ.



# ڕووی ڕاستەقینەی ڕێژیم، سیناریۆ یان دانپێدانانی دیکتاتۆر؟

ئەلبورز ڕۆژئین تەن



لە ئێستادا ڕۆژەڤی سیاسەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ئاستی دەرەوەدا دەورێکی دیکەی دانوستاندنی ئاشکرا و نهێنیی ئێران و ڕۆژئاوا بە مەبەستی زیندووکردنەوەی بەرجام بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە، هەروەها لە ئاستی نێوخۆییشدا هاتنی بەناو هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٤٠٠ی سەرکۆماری ئێران سەرەڕای ساردی لە نێو خەڵکدا باسێکی چڕی میدیا و ناوەندە سیاسییەکانە.

خاڵێکی هاوبەشی هەر دوو ڕۆژەڤ ئاشکرابوونی قسەکانی زەریف وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران لەمەڕ ڕۆڵی نێگەتیڤی قاسم سلێمانی فەرماندەی تیرۆریستی سپای قودسە کە لە لایەن ئەمریکییەکانەوە لە بەغدا لەنێو برا، لە سەر بەرەوپێشچوونی دیپلۆماسی، هەروەها وەڵامدانەوەی لەلایەن خامنەیی ڕێبەری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە.

مەبەستم لە خاڵی هاوبەش ئەوەیە زەریف وەکوو وەزیری دەرەوە و لایەنی جێبەجێکاری دانوستاندنەکان، هەروەها زەریف وەکوو یەکێک لە کەسایەتییەکانی بەناو ڕیفۆرم و سیاسەتی چەواشەی ڕای گشتی دونیا بە مەبەستی ڕزگارکردنی ئێران لە گۆشەگیری زیاتر لە چەقی هەر دوو ڕۆژەڤەکەدایە.

هاتنە ئارای ئەو باسە لە کاتێکی وەهادا دەتوانێ دوو هۆکار بەڵام یەک ئاکامی هەبێت؛

یەکەم: دەکرێ ئاشکرابوونی ئەو فایلە دەنگییە بە سیناریۆیەک بزانین کە بۆ گەرمکردنی بازاڕی بەناو هەڵبژاردنی سەرکۆماری هاتووەتە ئاراوە کە سارد و سڕییەکی بێوێنەی پێوە دیارە.

بە گوێرەی شرۆڤەی زۆربەی لێکۆڵەرانی سیاسی ئەو هەڵبژاردنانە لەلایەن خەڵکەوە زۆر بە ساردی تەماشای دەکرێت، دروست کردنی هیوای درۆیین لە لایەن ڕێژیم و هێنانە سەر سندوقی بەشێکی کەم لە خەڵک بە هیوای ئەوەی خراپ باشترە لە خراپتر!

ئیتر ئەمڕۆ کڕیارێکی ئەوتۆی لە نێو خەڵکدا نییە، هەر ئەوەش وایکردووە کە ڕێژیم بە دوای ئەوەوە بێت کە سیناریۆی بەناو ڕیفۆرمخوازی یا خراپ و خراپتر جارێکیتر گەرمتر بکاتەوە کە بۆ ئەم مەبەستەش پەنای بۆ دوو کاراکتەر لە دوو جەمسەری بەناو دژ بە یەک واتە زەریف و قاسم سلێمانی ببات. لەو سیناریۆیەدا لەلایەک ئەو بیانوویە بۆ ڕەوتی ڕووحانی کە گوتاریان بە دژی جەمسەری توندئاژۆ پێناسە دەکەن درووست دەکات کە ئەگەر بەرجام سەرکەوتوو نەبووە ئەوا ئەوان خەتابار نین، بەڵکوو نوێنەری بەپیرۆزکراوی ڕەوتی توندئاژۆ و خامنەیی ڕێبەری ڕێژیم واتە قاسم سلێمانی لەو بوارەدا خەتابارن.

لەلایەکی دیکەوە ئەو بیانوویە بۆ توندئاژۆکان دروست دەکات کە زەریف و ئەو ڕەوتە سەر بە ئەمریکان، هەر وەک کە خامنەیی لە قسەکانیدا کە لە وەڵامی قسەکانی زەریف بوو گووتی: «نابێ قسەی ئەمریکییەکان سەبارەت بە قاسم سلێمانی و سوپای قودس دوبارە بکرێتەوە».

شایانی باسە کە دەڵێم سیناریۆ مەبەستم ئەوەیە لە سیستمێکی توتالیتەری وەک کۆماری ئیسلامی هاتنە ئارای ئەو باسانە بەو قەبارەیە بەدەر لە سیاسەتی داڕێژراوی خۆیان بۆ ئەندازیاری بە تایبەتی بابەتێکی وەک هەڵبژاردن نییە؛ بەڵام خاڵی جێگای سەرنج ئەوەیە کە بۆ ئەوەی ئەو سیناریۆیە بتوانێ سەرنجی زیاتری خەڵک بۆ لای خۆی ڕابکێشێت، پێویست بوو ئاوێتەی دانپێدانانی هەندێک ڕاستی بێت، ئەویش لە قسەکانی خامنەیی بە ڕوونی دەرکەوت، کە بە ئاشکرا ڕایگەیاند حکومەت و وەزارەتی دەرەوە و تێکنۆکراتەکان لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا جیا لە جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ڕێبەر و بازنەی دیاریکراوی ڕێبەر بۆ ئەو مەبەستە هیچ دەسەڵاتێکیان نییە.

دووەم: ئاشکرابوونی ئەو باسە بۆ تێڕوانینی جیاواز سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوە دەگەڕێتەوە، ئەو ئەگەرە لایەنگری خۆی تەنانەت لە دونیای دەرەوەش هەیە، کە من ئەو ئەگەرە زۆر بە لاواز دەزانم چونکە هەبوونی تێڕوانینی جیاواز لە سیستمی کۆماری ئیسلامی چ لەڕووی ئەزموون و چ لە پێکهاتەی بەڕێوەبەری سیستمی کۆماری ئیسلامیدا مومکین نییە و بە فاکت سەلمێنراوە کە جیا لە تێڕوانینی ڕێبەر و بازنەی دیاریکراوی ڕێبەر، تێڕوانین جیاواز تەنیا لە چوارچێوەی سیناریۆیەکی لە پێش دیاریکراودا بوونی هەیە.

لە وەها دۆخێکیشدا قسەکانی خامنەیی دروست بەر لە هەڵبژاردنی سەرکۆماری، بە تایبەت لە نێوئاخنی وتەیەکدا کە باس لە گرینگی هەڵبژاردن و شۆرای نیگەهبان و شەفاف و دروستی هەڵبژاردنەکان دەکات!! وێڕای ئەو پارادۆکسەی هەیە، جارێکی دیکە ئەو ڕاستییە دەردەخات کە لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا، دەوڵەت، وەزارەتەکان و سەرکۆماری تەنیا شکلێکی ڕووکەشی دەسەڵاتن و لە گەوهەردا ئەوە ڕێبەرە کە سیاسەتی سەرەکی کۆماری ئیسلامی دیاری دەکات. ئەو سیاسەتە لە ڕێگەی پێکهاتەی کارگێڕی ڕێژیمەوە لەژێر ناوی دامەزراوەکانی وەک وەزارەتی دەرەوە و شۆرای باڵای ئاسایش یا ناوەندگەلی دیکە کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەخۆ لە لایەن خۆدی ڕێبەرەوە دیاری دەکرێن جێبەجێ دەکرێت.

هەربۆیەش لە هەر دوو ئەگەردا تەنیا یەک ڕاستی، ئەویش ڕاستی چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کۆماری ئیسلامی و داڕشتنی سیاسەتی دەرەوە و نێوخۆی کۆماری ئیسلامی لە چوارچێوەی تێڕوانینی ڕێبەر و بازنەی دیاریکراوی ئەو دەردەکەوێ، تەواوی دامەزراوەکانی دیکەی نێو سیستمی کۆماری ئیسلامی تەنیا لایەنی جێبەجێکاری ئەو بڕیارانەن کە لە ئاکامی تێڕوانینی خامنەیی دەردەچن، بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییەش دەتوانین قسەکانی خودی خامنەیی بە میناک وەرگرین.

بەڵام پرسیارێکی دیکە کە لێرەدا وڵامدانەوەی بە پێویست دەزانم ئەوەیە کە هۆکاری ئەو دانپێدانانە بۆچی دەگەڕێتەوە؟

«جین شارپ» نوسەری کتێبی لە دیکتاتۆرییەوە بۆ دێموکراسی لە خاڵێکدا کە وەک لاوازییەکانی حکومەتە دیکتاتۆرەکان ئاماژەی پێدەکات دەڵێ: «لە حکومەتە دیکتاتۆرییەکان کە زۆربەی بڕیارەکان لە ڕێگەی ژمارەیەکی زۆر کەمەوە دەردەچن ئەگەری هەڵەکردن لە داوەریکردن یا سیاسەتەکان یا کاردانەوەکان زۆرە.»

من ئەو شێوازە لە سیاسەتکردنە بۆ گەرمترکردنی بازاڕی هەڵبژاردنەکان بە نرخی دانپێدانانی بەشێک لە ڕاستییە حاشاهەڵنەگرەکان، کە بەپێچەوانەی بانگەشەی بەشێکی دیکەی ڕێژیمە، بە هیوای ئەوەی بتوانن جارێکی دیکە بەشێکی کەمی خەڵک بەرەو سندووقەکان ڕابکێشن بە هەڵەی دیکتاتۆرەکان دەزانم چونکە پێیان وایە کە ئەو درۆیە جارێکی دیکە دەتوانێ خەڵک فریو بدات.

لەلایەکی دیکەوە هەوڵدان بۆ زیندووکردنەوەی سیناریۆی خراپ و خراپتر بۆ ئەو سیاسەتەی گۆبلز وەزیری پڕۆپاگەندەی هیتلێر کە وەک ئەسڵێک بۆ دیکتاتۆرەکان بە میرات ماوەتەوە و کاری پێدەکەن دەگەڕێنمەوە، کە دەیگووت بەردەوام درۆ بکە تا خەڵک درۆکەت قەبوڵ دەکەن و بە ڕاستی دەزانن.

## بە ئیسلامی کردنی سیستمی پەروەردەی ئێران

دڵنیا لوتفی

لە کۆنەوە وتوویانە دار بە تەڕی نەیچەمێنی بە وشکی دەیشکێنی. منداڵان و لاوان بەهۆی ئەوەی کە لە سەرەتاکانی پێگەیشتندان و مێشک و ئاوەز و بیرکردنەوەیان ئامادەیە بۆ وەرگرتنی هەرچەشنە زانیارییەک لە دەوروبەریاندا، گرینگییەکی تایبەتیان لە کۆمەڵگادا هەیە بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگایەک یان ئەوەی چەسپاندنی بیرۆکە و هزرێک لە ناخی کۆمەڵە مرۆڤانێک، ئەگەر ئەو بناخەداڕێژییە بۆ تێخزاندنی بیرێک بە لایەنی نێگەتیڤەکەی و بە لایەنی پۆزەتیڤیشدا بناخەدانانی هزر و بیر و باوەڕێکی باش یان گەشەپێدانی، هەر لە سەردەمی منداڵی و لاوییەوە دەست پێبکات سەرکەوتووتر دەبێت تا ئەوەی کە لە قۆناخێکدا کە مرۆڤ پێگەیشتووە و خاوەن شیکاری و لێکدانەوەی دەرهاویشتە لە ئاوەزی خۆیەتی.

داگیرکاران و حکوومەتە تۆتالیتێرەکان ئەمە بە باشی دەزانن و هاوکات لەگەڵ داماڵینی ڕۆحی خۆبوون لە نەتەوەیەک یان چەند نەتەوەدا، بۆ جێگیرکردنی بیر و بەرنامەی خۆیان لە ناخی ئەو کۆمەڵگایەدا کار لەسەر ئەو چینەی کۆمەڵگا دەکەن کە وەک سیدییەکی خاو لەبەردەستیانە و ئامادەیە بۆ ئەوەی زانیاری و بابەتی نوێی بخەیە سەر، جا ئەو بابەتە باش بێت یان خراپ و ئەو چینەش لە کۆمەڵگاکاندا لاوان و منداڵانن کە بەپێی نیاز و پێویستییەکانی تەمەنیان، بەردەوام بە دوای فێربوون و وەرگرتنی زانیارییەوەن.

هەر لەم ڕەهەندەوە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، پاش هاتنە سەر دەسەڵات لە ئێرانێکدا کە پێکهاتبوو لە چەند نەتەوەی جیاواز، هەوڵی یەکڕەنگ کردنەوەی ئەو وڵاتە دەستکردەی دا تا باشتر و ساناتر بتوانێت دەسەڵاتداریی خۆی بچەسپێنێت یان باشترە بڵێین بسەپێنێت.

ڕێگا بەردەستەکانی بۆ توانەوە یان ئاسمیلاسیۆنی نەتەوەکان گرتە بەر و دەستی بە بەستێنسازی بۆ پەرەدان بە بیر و هزری خۆی واتە بیری چەوتی «ویلایەتی فەقیهی» کرد و لەو پێناوەدا بنەما فکرییەکانی خۆی لە سەرجەم جمگەکانی کۆمەڵگادا پیادە کرد.

یەکێک لەو جمگە سەرەکییانە کە کاریگەرییەکانی نەک تەنیا لەکاتی ئێستا (زمان حال)دا بەرچاو دەبێت، بەڵکوو لە داهاتووی ئەو کۆمەڵگایەدا زیاتر ڕەنگ دەداتەوە و بناخەییتر جێ دەگرێت، سیستمی پەروەردە و بارهێنانە.

ئەو ڕێژیمە دیکتاتۆرە سیستمی داگیرکاری و سەپاندنی خۆی ئەوەندە ورد دارشتووە کە لە هەر جمگەیەک لە کۆمەڵگادا بە شێوازگەلی جیاواز و بە تاکتیکی فرەڕەهەندەوە دەکەوێتە کایەوە بۆ ئەوەی بەرنامەکانی بەردەوامییان هەبێت و هێزێک بۆ ڕاگرتنیان نەبێت، ئەگەر پلانێک فەشەلی هێنا، لەلایەکی دیکەوە پلانێکی دیکە بتوانێت کەم و کورتییەکانی بۆ قەرەبوو بکاتەوە.

سیستمی پەروەردە و بارهێنانی ڕێژیمی ئێران کە لە نێواخنی بابەتەکەدا باسی لێوە کرا کە یەکێک لە کەرەستە بەردەستەکانی ڕێژیمە بۆ تێخزاندنی بەردەوامی سیاسەتەکانی خۆی بۆ ناخی کۆمەڵگا، زیاتر لەوەی کە لە خزمەت پێگەیاندن و تێگەیاندنی منداڵان و لاواندا بێت و ببێتە هیوایەک بۆ داهاتوویەکی ڕوون، زیاتر هێمایەکی شاراوەیە لە «حەوزە عیلمییە»کانی ڕێژیم و شوێنێک بۆ شۆردنەوەی مێشکەکان.

یەکێک لە گەنە سیاسەتەکانی ئەو ڕێژیمە کە بە ڕوونی و ئاشکرایی ئەوە دەسەلمێنێت و خودی ڕێژیمیش دانی پێدا دەنێت، دامەزراندنی ئاخوندەکانە وەکوو مامۆستا لە قوتابخانەکاندا بۆ بە ئیسلامی کردنی هەرچی زیاتری خوێندنگاکان؛ وەزارەتی پەروەردە و بارهێنانی ڕێژیم ئەو سیاسەتە لە سێبەری یاسایەکی پەسەندکراودا بەڕێوە دەبات کە ساڵی ١٣٧٥ی هەتاوی لەلایەن مەجلیسی ڕێژیمەوە پەسەند کرا کە لەسەر بنەمای ئەو یاسایە بەپێی پێویست بۆ بەڕێوەبردنی سیاسەتی بە ئیسلامی کردنی پڕۆسەی خوێندن تەڵبە و ئاخوند دەڕژێننە نێو سیستمی پەروەردە و بارهێنانەوە.

لە هەنگاوی یەکەمی بەڕێوەبردنی ئەو سیاسەتەدا ساڵی ڕابردوو واتە ساڵی ٩٩ی هەتاوی ٤٤٠ ئاخوند لە خوێندنگاکاندا دەستیان بەکار کرد؛ ئەمە دەستپێکێک بوو بۆ پیادەکردنی ئەو سیاسەتە بە شێوەیەکی بەرینتر و لە بڕیاری نوێی وەزارەتی پەروەردە و بارهێناندا، دامەزراندنی ٢٥ هەزار ئاخوند خراوەتە دەستووری کاریی ئەو وەزارەتخانەیەوە و ستادی هاوکاریی حەوزە علمییەکان و پەروەردە و بارهێنانی ڕێژیمیش بە پشتیوانی کردن لەو گەڵاڵەیە، ئەو هەنگاوەی بە بەشێک لە «بەڵگەی وەرچەرخانی بنەڕەتیی پەروەردە و بارهێنان» وەسف کردووە کە باشتر وایە بڵێین بەڵگەیەک بۆ تێکهەڵپڕژان و لەنێوچوونی سیستمی پەروەردە و بارهێنان.

ئەم بڕیارەی وەزارەتی پەروەردە و بارهێنانی ڕێژیم لەکاتێکدا بەڕێوە دەچێت کە لەماوەی ساڵانی ڕابردوودا شایەتی نارەزایەتییە گشتگیر و بەرینەکانی مامۆستایانی قوتابخانەکان بووین کە بەهۆی پێشێلکردنی مافە سێنفییەکانیان، دابین نەکردنی بژێویی ژیان و پێگەی مامۆستایان و چەندین خواست و کەم و کوڕیی دیکە لەو سیستمەدا دەستیان دەدایە خۆپیشاندان و نارەزایەتی و لە بەرانبەردا یان بێوڵام دەمانەوە یان ئەوەی کە کەرامەتیان دەخرایە بن پێ،

لەحاڵێکدا کە سیستمی پەروەردە و بارهێنان و مامۆستایان لە زۆربەی هەرەزۆری وڵاتانی جیهاندا وەک سەرەکیترین بەشی کۆمەڵگا گرینگیی تایبەتی پێ دەدرێت.

لەلایەکی دیکەوە سیستمی پەروەردە و بارهێنان لەو قۆناخەدا کە ڕێژیمی ئێران کەڵکی لێ وەردەگرێت بۆ ئیدۆلۆگ بارهێنانی قوتابییان، دەبێ بە هەستیارییەوە سەرمایەکانی داهاتوو کە منداڵان و لاوانن، لە کەشێکی بەتاڵ لە زاڵیەتیی هەر ئیدۆلۆژییەکدا بار بهێنێت و زەینیان ئامادە بکات تا پاش تێپەڕینی ئەو مەودایە لە پەروەردە و بارهێنان بتوانن بەپێی لێکدانەوە و درکی خۆیان هەر ئایدۆلۆژیایەک کە لەگەڵ دەروونیاندا دەگونجێت هەڵبژێرن یاخود ئەوانەی کە ڕۆحی داهێنانیان هەیە بتوانن ببنە سەرچاوەیەک بۆ خولقانی بیر و هزر و بۆچوونی نوێ.

ڕێژیمی ئاخوندیی ئێران دێوەزمەیەکی عەمامە بەسەرە کە هەر جارە و لە مۆتەکەیەکی خەوزڕێندا دێتە گیانی خەڵک و ئەوە زیاتر لە ٤٠ ساڵە کە خەڵکانێک لە سێبەری نەهامەتیی ئەو مێردزمە وەیشوومەدا، هەر چرکەیان مەرگەساتێکە.

# جەماڵ فەتحی:

## بۆ ئەوەی چالاکیی و بزاڤی خوێندکاری لە کوردستان بتوانێت بەشێک کە هاوکێشە سیاسییەکانی کوردستان بێت، زیاتر لە هەموو شتێک دەبێ پێداگریی لەسەر دروستکردنی بەرەیەکی نەتەوەییی خوێندکاری بکات.

**وتووێژ: ڕەحمان سەلیمی**

٥٣ ساڵ لەمەوپێش لە ١٢ی بانەمەڕی ١٣٤٧ی هەتاویدا سمایل شەریفزادە، خوێندکاری بەهەڵوێستی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و لە بەرخۆدانێکی قارەمانانەدا بە گوللەی داگیرکەران شەهید کرا و بوو بە ڕێنوێنی خەبات و هێمای خوێندکار و ڕووناکبیری شۆڕشگێڕانە و دەروەستی کورد. بەهۆی ئەم شوێندانەرییە و پێگەی بەرزی شەریفزادە وەکوو سیمایەکی خوێندکاری لە جووڵانەوەی نەتەوەیی – دێموکراتیکی کوردستاندا ، دەستەی دامەزرێنەری یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستان، ١٢ی بانەمەڕ ڕۆژی گیانبەختکردنی سمایلی شەریفزادەی وەک ڕۆژی خوێندکاری کورد دیاری کرد. لەگەڵ «جەماڵ فەتحی»سکرتێری یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستان، پێگەی بەرزی شەهید «سمایل شەریفزادە» و بارودۆخی بزاڤی خوێندکاریی لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستانمان لە وتووێژێکدا خستووەتە بەرباس.

.

**- پێگەی بەرزی شەهید سمایل شەریفزادە وەکوو سیمایەکی خوێندکاری لە جوڵانەوەی نە تە و ە یی - د ێمو کر ا تیکی کوردستان چۆن دەنرخێندرێت؟**

شۆڕشی کورد لە ڕێگای گەیشتن بە سەربەستی گەلێک هەوراز و نشێوی بە خۆوە بینیوە و زۆر قۆناغ و دژواری تێپەڕاندووە و لەم ڕێگایەدا زۆرێک لە ڕۆڵە بەئەمەگ و چاونەترسەکانی خۆی فیدا کردووە، ئەگەرچی مخابن هەتا ئێستە کورد بەتەواوەتی تامی ڕزگاری و سەربەستی نەچێشتووە و هێشتا سێبەری ڕەشی داگیرکەر پێشی بە دیتنی تیشکی هەتاوی ئازادی گرتووە، بەڵام ئەوەی کە جێی تێڕامانە خەبات بە دژی داگیرکەران بەردەوامە و سەرەڕای ئەوەی کە مانگ و ساڵ نییە هەواڵی شەهیدبوونی ڕۆڵەیەکی بەهەست و دەروەستی ئەم خاکە نەبیستین کەچی هەتا دێت کاروانی خەباتمان و ڕێبوارانی ڕێگای سەربەستی و بەختیاریی نەتەوەکەمان پڕڕێبوارتر و سەنگەری شەهیدان ئاوەدانترە. یەک لەو ڕۆڵە شۆڕشگێڕانەی کە هەتاهەتایە ناوی وەکوو ئەستێرەیەکی درەوشاوە لە ئاسمانی مێژووی کورددا دەدرەوشێتەوە، شەهید سمایل شەریفزادەیە کە لە ساڵەکانی ٤٦-٤٧ی هەتاویدا، ئەوکاتەی کە ڕێژیمی پاشایەتیی ئێران لەوپەڕی وەهمی بەهێزبوون و دەسەڵاتداریەتیی خۆیدا بوو، شۆڕشێکی هەڵگیرساند کە کۆڵەکەکانی ئەو دەسەڵاتە وەهمی و پووشاڵییەی وە لەرزە خست و ١٨ مانگ ئەم حکوومەتە بەناو بەهێزەی بە خۆوە سەرقاڵ کرد. ئەم خەباتە کە لەسەر دەستی ڕۆڵە بەجەرگەکانی حیزبی دێموکرات سەری هەڵدا، ئەگەرچی ماوەکەی کەم بوو بەڵام کاریگەرییەکانی مێژوویەکە کە پێشی بە بۆشاییەک گرتووە واتە ئەگەر خەباتی ٤٦-٤٧ نەبایە لەگەڵ دابڕانێک بەرەوڕوو دەبووینەوە. گرنگیی ئەم خەباتە چەندین ڕەهەندە کە دواتر بووە فاکتەرێکی گرنگ بۆ بونیاتنانی خەباتێکی دیکەی نەتەوەیی . دێموکراتێکی هاوتەریبی خەباتێک بە هەمان پێناسە و کۆدەوە، واتە لە ژێر سێبەری حیزبی دێموکرات وەکوو ڕەسەنترین و ڕوونترین خەباتی نەتەوەی کورد ڕێکخراوەیەک بە ناوی یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران دابمەزرێت، کە هۆکارەکانی دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوە زیاتر لە هەر شتێک بوونی شەهید سمایل شەریفزادە وەکوو خوێندکارێکی شۆڕشگێڕ لە مێژووی ئەم خەباتەیە کە مۆدێلێکی نوێی داواکاریی و ویستی کورد بەخشیوە.

**- لە ئێستادا بزووتنەوەی خوێندکاری کورد هەتا چەندە توانیویەتی بابەتی کورد و شوناسی کورد و داخوازییەکانی بکاتە ڕۆژەڤی خۆی؟**

بابەت یان پرسی کورد کە یەکێک لە ئاڵۆزترین پرسەکانی نەک ناوچەکە بگرە جیهان بەتایبەت پاش کۆتاییهاتنی شەڕی سارد و دروستبوونی دوو جەمسەری کاپیتاڵیزم و کۆمۆنیزم بوو ئەگەر لە ڕوانگەی سوود و زیانەوە سەیر بکرێت، چارەسەرنەبوونی لە ڕێڕەوێکی ئوسوولی و دروستەوە نەک هەر بۆ کورد بەڵکوو بۆ داگیرکەرانی کوردستانیش خەسار و زیانێکی بەرچاوی هەیە کە ئاسەوارەکانی ئەم زەرەر و زیانانەی تەنیا کاتێک بۆ دوژمنانی کورد هەست پێ دەکرێت کە کوردستانی ژێردەستیان ڕزگار ببێت، چونکە ئەو کات دەزانن چارەسەریی پرسی کورد لە ڕێگای دێموکراسی و ئاشتەواییەوە کە هەمیشە دروشم و ویستی زۆربەی لایەنە سیاسییەکانی کورد بووە چەندە قازانجی لەو شەڕ و ئاڵۆزییەی زیاتر بووە کە چەندین ساڵ بە سەر خەڵکی کوردیان سەپاندووە.

بۆیە پرسی کورد ئەگەر پرسێکە بۆ کورد بۆ دوژمنانی کێشەیەکە کە ئەگەر لە ڕوانگەی نیزامی و عەقڵیەتێکی شوڤێنیستییەوە بیانهەوێت ئەم کێشانە چارەسەر بکەن تێچوویەکی زۆری گیانی وماڵییان بۆ هەڵ دەگرێت، ئەمە بەو مانایە نییە کە ڕێگایەک کە ئەوان هەڵیانبژاردووە تەنیا زەرەری بۆ خۆیان هەیە و کورد تێیدا سوودمەندە، نەخێر کوردیش تێیدا زەرەری چەند قاتی دوژمنانیەتی بەڵام مەسەلەکە ئەوەیە دوژمنانی کورد بە مەبەستی قازانجی سیاسی، مێژوویی و ئابوورییەوە کوردستانیان داگیر کردووە. لێرەدا کە باسی پرسی کورد دێتە بەرەوە هەموو بزاڤەکانی نێو ئەم کۆمەڵگایە هەر کامەو بە جۆرێک گرێدراوی ئەم بابەتەن کە بزاڤی خوێندکاریش وەکوو داینەمۆی کۆمەڵگا و بزاڤە نەتەوەییەکانی کورد پشکی شێری بەر کەوتووە و لەوەتەی خەباتی کورد چوارچێوەیەکی ئەمڕۆیی و بەڕێکخراوەیی گرتووەتە خۆ، ئەم بزاڤەش لەم پێوەندییەدا ڕۆڵی سەرەکیی گێڕاوە و وەکوو توێژێکی شوناسپارێزی کورد بە تاکتیک و شێوازی سەردەمیانە و ئەمڕۆیی بەردەوام بەرەوڕووی دوژمنان و داگیرکەران بوونەتەوە و لە ڕێگای «ئێن.جی.ئۆ» و ئەنجومەنەکانەوە خەباتی خۆیان وەکوو خەباتێکی شوناسپارێزی و نەتەوەیی درێژە داوە.

**- بزاڤی خوێندکاریی کورد لە کوێی هاوکێشەکاندایە؟**

کورد و بزاڤی نەتەوەیی و بزاڤی خوێندکاریی شوناسپارێزی سێ خاڵ و بابەتن کە تەواوکەری یەکترن، واتە خەباتی کورد کە لە دنیای سیاسەتدا وەکوو خەباتێک بۆ نەتەوەیەکی بندەست سەیر دەکرێت لە هەر کوێیەک لە هاوکێشە سیاسییەکاندا هەبێت، سەرجەم هەوڵ و خەباتەکانی دیکەش لەوێدان. ئێستە بۆ ئەوەی بزانین بزاڤی خوێندکاریی کورد لە کوێی ئەم هاوکێشانەدایە، دەبێت بزانین خەباتی کورد لە کوێدایە؟

خەباتی کورد هەتا نەهاتنی ئامریکا بۆ ناوچەکە و نەبوونی ململانێی ئامریکا و ڕووسیە بۆ بەدەستهێنانی ناوچە و وڵاتێکی زیاتر لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، خەباتێکی لۆکاڵی و کپکراو بوو کە دەنگی بە هیچ شوێنێک نەدەگەیشت، بەڵام پاش هاتنی وڵاتانی زلهێز بۆ ئەم ناوچەیە لەگەڵ بابەت و پرسێک بەرەوڕوو بوونەوە کە چارەسەرنەکردنی، کێشەی گەورەیان لە ڕاستای بەرژەوەندییەکانیان بۆ دروست دەکات واتە کێشەی کورد لە پارچەکانی کوردستان کێشەی ناڕاستەوخۆی زلهێزەکانیشە لەم ناوچەیەدا.

جیا لەمە ئەو وڵاتانە کە لە ژێر بەرگی پەرەپێدانی دێموکراسی و ئازادی ڕوویان لە ڕۆژهەڵاتی ناوین کردووە کە کوردستان وەکوو هەڵکەوتەیەکی ستراتیژیکی ئەم ناوچەیەیە، لە کورد باشتر و گونجاوتر بۆ گەیشتن بە دێموکراسییەکی سەقامگیر لەم ناوچەیە نادۆزنەوە، بۆیە ئەم تایبەتمەندییە بووەتە هۆی ئەوەیکە کورد لە هاوکێشە سیاسییەکانی جیهاندا ببێتە خاڵی سەرنجڕاکێش و ڕۆژەڤی سیاسیی و ئۆتۆماتیکەن بزاڤە خوێندکارییەکانی کوردیش بەشێکە لەم گرنگی و سەرنجڕاکێشییە.

**- بە ئاوڕدانەوە لە ساڵانی رابردوو، ڕەوڕەوەی خەبات و هەڵوێستەکانی خوێندکاران لە لایەک و سیاسەتەکانی کوماری ئیسلامی لە لایەکیتر بە چ ڕێڕەوێکدا تێپەڕیوە و شوێندانەرییان لە سەر یەکتر چ بووە؟**

کۆماری ئیسلامی کە لە مێژووی ئەم ناوچە بە دوو هۆ وەکوو دیاردەیەکی نەرێنی چاو لێ دەکرێت، یەکەم ئەوەی کە شکڵ و قەوارەی دەسەڵاتداریەتی ئەم پێکهاتەیە فۆرمێکی چەقبەستوو و تێچەقیو لە نێو خورافە و ئایینێکی نامۆیە و دووهەم دەسەڵاتێکە لە خزمەت تیرۆریزمی ناوچەیی و جیهانی و لەم ڕێگایەوە دەیهەوێت پەرە بە دەسەڵاتی خۆی بدات. ئەم ڕێڕەوە کە کۆماری ئیسلامی گرتوویەتە بەر، لەسەر کەرتکردنی کۆمەڵگای ئێران بە هەموو چین و توێژێکییەوە کاریگەریی داناوە، واتە کاتێک چاو لە هەر چین و توێژێکی ئەو کۆمەڵگایە دەکەیت «خۆمان و ئەوانی دیکەی» دروست کردووە، لە ئیدارە و ئۆرگانە حکوومەتییەکانەوە بگرە هەتا خەڵکێکی ئاسایی و مەدەنی، بەڵام ئەم دابەشکارییە کاتێک دەبێتە کارەسات کە لە چوارچێوەی زانکۆ و زانستگەکانەوە بەدی بکرێت، زانکۆیەک کە هیوا و ئاواتی وڵات و کۆمەڵگایە و زۆربەی کەسایەتییە سیاسیی، ئابووری، فەرهەنگی و ..... لە زانکۆوەکانەوە پەروەردە دەکرێن لەگەڵ بابەتێکی نامۆ لەم چەشنە بەرەوڕوو دەبنەوە. ئەم کەرتکردنە کە لە سیاسەتی هەموو دیکتاتۆرێک دەبیندرێت لە سیاسەت و بەرنامەکانی کۆماری ئیسلامی زەقتر و مەترسیدارتر بەرچاو دەکەوێت، چونکە هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکارییەوە بە پێکهێنانی خوێندکارانی «شوێنکەوتووی ئیمام» بناغەی ئەم خۆمان و ئەوانی دیکەی دارشت و لەو ڕێگایەوە بزاڤە دێموکراتیک و پێشکەوتووخوازەکانی نێو زانکۆی خستە ژێر چاوەدێری و کۆنترۆڵی خۆیەوە، بەڵام بەوەشەوە هیچ کات نەیتوانیوە بەتەواوەتی لەم ڕێگایەدا سەرکەوتوو بێت و خودی ئەم لەتکردنانە دوو بەرەی شاراوە وپڕوزەی لە ناخی کۆمەڵگای ئێراندا دورست کردووە و ئاکامەکە لەرزۆکبوونی ئەو حکوومەتە خۆسەپێنەیە، کە بەرهەستترین وزەی دژە حکوومەتیی لە نێو زانکۆوەکان بەدی دەکرێت و سەرەڕای ئەو هەموو هەوڵە کاریگەریی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە چین و توێژی خودییەکانی تێنەپەڕیوە کە بەرژەوەندییە کەسییەکان لە دەوری ئەم حکوومەتە کۆیانی کردووەتەوە.

**- چالاکانی خوێندکاریی کورد بۆ ئەوی کە ببنە جووڵە و بزاوتەکەیان بکەنە بزوتنەوەیەکی گشتگیر و تۆکمە دەبێ چی بکەن؟**

زۆر کەس سەرکەوتن و بەئامانجگەیشتنی بزاڤی کورد بەگشتی و بزاڤی خوێندکاری کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لە خۆبەستنەوە و خۆگرێدان بە ڕەوتە سەرانسەرییەکانی ئێراندا دەبینن، بەڵام ئەوەی لە ئەزموون و مێژووی خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵات و عەقڵیەتی هەژموونیخوازیی سەرجەم ڕەوتە سیاسییەکانی نەتەوەی خۆسەپێنی ناوەندنشینیدا بەرچاو دەکەوێت، ئەوەمان پێ دەڵێت ئەم هیوا و ئاواتە جگە لە چاوەڕێی و مەرگی سیاسی هیچی دیکەی بەدواوە نییە و بۆ ئەوەی چالاکیی و بزاڤی خوێندکاری لە کوردستان بتوانێت بەشێک لە هاوکێشە سیاسییەکانی کوردستان بێت، لە جیاتی تەرخانکردنی وزەکانی بە بزاڤی نەبووی خوێندکاریی لە سەرانسەری ئێراندا، لەسەر کۆکردنەوەی وزە و پتانسییەلە کاناڵیزەنەکراوەکانی کوردستاندا بێت و زیاتر لە هەموو شتێک پێداگریی لەسەر دروستکردنی بەرەیەکی نەتەوەییی خوێندکاری بکات کە تێیدا هەموو جۆرە سەلیقە و داخوازییەکی پێشکەوتنخوازانە و ڕزگاریخوازانەی تێدا بەدی بکرێت و لە پێکهێنانی ئەم بەرەیە لە بوونی بیری سیاسیی جیاواز ترسێک نەبێت، ئەگەر ئەو بیر و بۆچوونی لە خزمەت ڕزگاریی نیشتمان و نەتەوەی کورددا بێت.

کەوایە کاتێک باس لە گشتگیری دەکەن خێرا بە دوای ناونیشانی ئەم کۆدە لە ناوەندی ئێران و زانکۆوەکانیدا نەگەڕێن، ئەم کۆدە لە نێو کۆمەڵگای خوێندکاریی کوردستاندا هەیە تەنیا لیدرێکی پێشکەوتووخواز و پلۆرالیزمی کوردی پێویستە.





## چیرۆک

عه‌لی سۆهرابی



باوکی وتبووی: کچی خۆم! ئه‌و کوڕه بۆ تۆ نابێته ماڵ. دواجار سه‌ری خۆی و سه‌ری تۆش به فه‌ته‌ڕات ده‌دا.

قسه‌ی باوکی هیچ شوێنه‌وارێکی له‌سه‌ر دانه‌نابوو. ته‌نانه‌ت دوای ئه‌و قسه‌یه‌ی باوکی، بیر و باوه‌ڕی پته‌وتر ببوو و شێلگیرانه‌تر به شوێن کاره‌کان ده‌که‌وت. کاری وه‌های ده‌کردن که من و هاوڕێکانم هیچ کات نه‌مانده‌وێرا خۆ له قه‌ره‌ی بده‌ین.

خۆشم ده‌ویست. تا سه‌ر ئێسقان خۆشم ده‌ویست. نه‌ک بۆ خه‌بات، بۆ ژیان خۆشم ده‌ویست، بۆ داهاتوو.

ڕۆژ بۆ ڕۆژیم ده‌ژمارد. بوو به په‌نجا و سێ ڕۆژ. تا ئێستا نه‌یانتوانیوه بمبه‌زێنن، ناشتوانن. لێدان، بێ‌حورمه‌تی و سووکایه‌تی شوێنیان له‌سه‌ر ورەم دانه‌ناوه.

- به‌رگه‌ی هه‌موو شتێک ده‌گرم. ته‌نیا سه‌باره‌ت به تۆ. ئه‌وه تۆی وره‌م ده‌ده‌ی. تۆی هێزم پێ ده‌به‌خشی، ته‌نیا بۆ تۆ زیندوو ده‌مێنم، ته‌نیا بۆ تۆ...

بوو به په‌نجا و نۆ ڕۆژ. له دوای ئه‌و ماوه دوورودرێژه، ئه‌وه یه‌که‌م چاوپێکه‌وتنمه له‌گه‌ڵ براکه‌م. ئه‌ویش ته‌نیا پێنج خوله‌ک. بیرم هه‌ر لای ئه‌وه. هه‌واڵی له براکه‌م ده‌پرسم. ده‌ڵێت: باشه. سڵاوی ده‌گه‌یاندی. دوور له چاوی پاسه‌وان و کامێراکه، نامه‌یه‌کی زۆر بچووکی لووله‌کراوی له پزووی پاتۆڵه‌که‌ی ده‌رهێنا و وێیدام. به چاو و برۆ تێیگه‌یاندم که نامه‌که هی ئه‌وه. گه‌شامه‌وه. شاگه‌شکه بووم. خوداخودام بوو چاوپێکه‌وتنه‌که کۆتایی بێت و زوو بگه‌ڕێمه‌وه ژووره ته‌نگ و تاریکه‌که‌م.

براکه‌م له باوه‌ش گرت. به‌سپایی به گوێمدا چرپاند: دانم به هیچدا نه‌ناوه.

گێڕایانمه‌وه دیوه ته‌نگ و تاریکه‌که‌م. به په‌له‌پڕووزێ نامه‌که‌م ده‌رهێنا. دڵم به پڕتاو لێی ده‌دا. هه‌ستم ده‌کرد جوانترین دیاریی ئه‌و جیهانه‌ی بۆ ناردووم. هه‌ستم ده‌کرد خه‌ریکه خوێنم که‌ف ده‌کا. هه‌ستم ده‌کرد که‌سێک له ده‌ره‌وه هه‌یه چاوه‌ڕێمه و ده‌بێ بۆی بژیم. ده‌ستم تێک ده‌هاڵان.

ڕووخساریم هێنا به‌رچاوم. بزه‌یه‌کی شیرینم هێنا سه‌ر لێوه‌کانی. بیرم که‌وته‌وه ده‌یان جار پێم وتووه: تۆ به زه‌رده‌خه‌نه‌وه سه‌د هێنده شیرینی.

نامه‌که‌م کرده‌وه. له بوومه‌لێڵی ژووره‌که‌دا، چه‌ندین جار ئه‌مبه‌ر و ئه‌وبه‌رم پێ کرد. سه‌رم سووڕا.

چاوم ڕێشکه و پێشکه‌ی ده‌کرد. هه‌موو هێزم کۆ کرده‌وه. بۆ دواجار هه‌میسان له نامه‌که ورد بوومه‌وه. وه‌ک سه‌تڵه‌یه‌کم ئاوی سارد پێدا بکه‌ن، سارد بوومه‌وه. له نامه‌که‌دا ته‌نیا یه‌ک وشه نووسرابوو : «ماڵاوا». خه‌تی خۆیه‌تی؟ قسه‌ی دڵیه‌تی؟ بۆ کوێ ماڵاوا؟ هه‌ستم کرد دیوه‌که هه‌ر دێت و تاریکتر و تاریکتر ده‌بێ. له‌ناو تاریکیدا مه‌له‌م ده‌کرد. ئیتر من خۆم تاریکی بووم.

---



عه‌لی سۆهرابی

۹۹۷، ۹۹۸، ۹۹۹،
۱۰۰۰ بوو به هه‌زار،
هه‌زار ڕۆژ،
به‌ڵام بۆچی هه‌زار؟
هه‌زار یانی چی؟

هه‌زار بۆ هێندێک که‌سان یانی هه‌زار خۆشی و هه‌زار شادی. بۆ هێندێک که‌سی تر یانی هه‌زار خۆزگه و ئاوات و بۆ به‌شێکی تریش یانی هه‌زار ده‌سکه‌وت و سه‌رکه‌وتن. به‌ڵام هه‌زار بۆ منی کلۆڵی چاره‌ڕه‌ش له‌و جۆره مانایانه‌ی نییه.

هه‌زار بۆ من،
یانی هه‌زار ڕۆژ و له هه‌ر ڕۆژه‌شدا هه‌زار داغی تازه. هه‌زار بۆ من یانی هه‌زار جار مردن و زیندووبوونه‌وه، یانی هه‌زار جار کۆست که‌وتن و هه‌زار جار جه‌رگ سووتان.

ڕاست هه‌زار ڕۆژ له‌وه پێش بوو. له ئێواره‌ی هه‌زار ڕۆژ له‌وه پێشدا، هه‌واڵێکی جه‌رگبڕ و دڵته‌زێنیان پێدام. هه‌واڵێک که هه‌موو ژیانی تاریک کردم، هه‌واڵی شه‌هیدبوونی کوڕه جوانه‌مه‌رگه‌که‌م.

کزه‌م له جه‌رگی هات. چۆکم شکانه‌وه. هه‌موو دنیا به‌سه‌ر سه‌رمدا وێران بوو. بۆکڕووزم له جه‌رگ و هه‌ناوان هات.

دوای هه‌زار ڕۆژ من هێشتا تاساوم.

من هێشتا باوه‌ڕم به‌و هه‌واڵه نه‌کردووه. دوای هه‌زار ڕۆژ من هێشتا گێژ و مه‌نگ بیر له‌وه ده‌که‌مه‌وه که ئاخۆ بڵێی ئه‌و هه‌واڵه درۆ نه‌بێ؟ دوای هه‌زار ڕۆژ من هه‌موو ڕۆژ بیر له‌وه ده‌که‌مه‌وه که هه‌زار، له خه‌م و مه‌ینه‌ت زێتر بۆ من هیچی پێ نییه.

له هه‌مووی ئه‌و هه‌زار ڕۆژه‌دا، یه‌ک جاریش به دڵ پێنه‌که‌نیوم. یه‌ک ڕۆژیش دڵم نه‌پشکووتووه. له هه‌مووی ئه‌و هه‌زار ڕۆژه‌دا، یه‌ک ساتیش له بیرم نه‌چووه‌ته‌وه و بۆ ساتێکیش له به‌ر چاوم لانه‌چووه.

چی له هه‌زار بکه‌م من؟
هه‌زار ده‌رگای هه‌موو نائومێدییه‌کانه به ڕووی مندا کراوه‌ته‌وه.
هه‌زار، ئاوێنه‌ی هه‌موو تاریکییه‌کانه له به‌رانبه‌رمدا ڕاوه‌ستاوه.
ئیتر ئه‌وه‌یه ژیانی من له دوای مه‌رگی ئه‌و...

KURDISTAN

Published by Democratic Party of Iranian Kurdistan · No :798 5 May 2021

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

telegram.me/PDKImedia

## «ڕۆژنامەی کوردستان» بە مەبەستی هەرچی زیاتر ئاشکراکردنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، هەر دوو حەوتوو جارێک ڕاپۆرتێک لە سەر دوایین بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بڵاو و دەیخاتە بەردیدی خوێنەرانی ڕۆژنامەی کوردستان.

## ئەم ڕاپۆرت و ئامارانە باس لە حاڵەتەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ماوەی دوو حەوتووی سەرەتای مانگی بانەمەڕی ساڵی ١٤٠٠ی هەتاوی، لە شار و ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکات کە بریتین لە حاڵەتەکانی دەستبەسەر کردن، بانگهێشت، ئێعدام، کوژران و بریندار بوونی کۆڵبەران، کرێکاران، خۆکوشتن، زیندانیان و مەحکووم کردنی هاووڵاتییان لە کوردستانی ئێران.

## ئەم ڕاپۆرتە لە ناوەندی ئاماری ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، تۆمار کراوە.

### دەسبەسەر کردنی هاووڵاتییان:

ڕۆژی دووشەممە، ٣٠ی خاکەلێوە، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «فاروق قازی»، تەمەن ٢٤ ساڵ و خەڵکی گوندی «کۆرەرە» سەر بە کامیاران، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.

ڕۆژی چوارشەممە ١ی بانەمەڕ، ژنە هاووڵاتییەک بە ناوی «سەفیە مامەشپوور»، خەڵکی شاری پیرانشار، پاش بانگهێشتکردنی بۆ ئیتلاعاتی سپا دەسبەسەر کرا.

شەوی چوارشەممە ١ی بانەمەڕ، دوو هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «نورەدین و سەلاح حوسێنی»، کوڕی ئیبراهیم و خەڵکی گوندی «ئاڵیاوێ»، سەر بە شنۆ، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کران.

ڕۆژی پێنجشەممە ٢ی بانەمەڕ، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی ‹ئیبراهیم حوسێنی» پاش بانگهێشت کردنی بۆ ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری شنۆ دەسبەسەر کرا.

ڕۆژی شەممە ٤ی بانەمەڕ، دوو چالاکی مەدەنی بە ناوەکانی «مەرزیە غوڵامویسی» و «سیروان عەبدوڵڵاهی» خەڵکی شاری سنە، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانی ئەو شارەوە دەسبەسەر کران و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزران.

لە درێژەی دەسبەسەرکردنی چالاکانی مەدەنی لە سنە، ڕۆژی شەممە ٤ی بانەمەڕ، چالاکێکی دیکەی مەدەنی بە ناوی «مەهدی سەیفی»، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.

ڕۆژی شەممە ٤ی بانەمەڕ، چالاکێکی مەدەنیی کورد بە ناوی «عەتائوڵڵا ڕەزاڕەبابی»، خەڵکی سنە، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.

ڕۆژی شەممە ٤ی بانەمەڕ، چالاکێکی مەدەنی بە ناوی «فەردین ڕەحیمی»، خەڵکی سنە، لەلایەن هێزە ئەمنیەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.

ڕۆژی شەممە ٤ی بانەمەڕ، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «عەلی بەزازی»، کوڕی ئیسماعیل و خەڵکی گوندی «زێوە» سەر بە پیرانشار، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کراوە.

ڕۆژی دووشەممە ٦ی بانەمەڕ، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «ڕەسووڵ عەبدوڵلانژاد» کوڕی ئەبووبەکر خەڵکی گوندی «گەرگوولی خوارێ» و دانیشتووی شاری پیرانشار، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.

ڕۆژی سێشەممە ٧ی بانەمەڕ، سێ هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «ئارام موورادیان»، کوڕی عوسمان، «ئەمیر ڕەزایی»، کوڕی جەمیل و «ئارەش ئەحمەدی» کوڕی ناسر، خەڵکی گوندی «تەنگیسەر» سەر بە ناوچەی ژاوەرۆی سنە، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کران.

ڕۆژی چوارشەممە ٨ی بانەمەڕ، دوو هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «ئارمین ئەحمەدی»، خەڵکی شارەکی ئیسلاماوای ورمێ و «نیما حوسێنپوور»، کوڕی خورشید و خەڵکی گوندی «گۆنبەد» سەر بە ناوچەی سۆما و برادۆستی ورمێ، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کران.

ڕۆژی پێنجشەممە ٩ی بانەمەڕ، دوو هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «کاوە مینبەری»، تەمەن ٢٢ ساڵ، کوڕی زاهید و هەروەها «شێرکۆ مینبەری»، تەمەن ٣٤ ساڵ، کوڕی محەممەد، خەڵکی گوندی «نییەر» سەر بە ناوچەی ژاوەرۆی سنە، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کران.

ڕۆژی شەممە ١١ی بانەمەڕ، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «پەیام مینبەری»، تەمەن ٣٣ ساڵ و خەڵکی گوندی «نییەر» سەر بە سنە، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.

ڕۆژی شەممە ١١ی بانەمەڕ، هاوکات لەگەڵ ڕۆژی جیهانیی کرێکار، شەیس ئەمانی، چالاکی کرێکاری و ئەندامی هەیئەتی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ئازادی کرێکارانی ئێران لە سنە لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.

ڕۆژی شەممە ١١ی بانەمەڕ، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «سەریاد مینبەری»، تەمەن ٣٦ ساڵ و خەڵکی گوندی «نییەر» و دانیشتووی سنە، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.

ڕۆژی شەممە ١١ی بانەمەڕ، هاوکات لەگەڵ ڕۆژی جیهانیی کرێکار، هوشەنگ کەریمی، چالاکی کرێکاری لە سنە لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.

ڕۆژی شەممە ١١ی بانەمەڕ، دوو هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «زاگرۆس عەباسی»، تەمەن ٢٢ ساڵ، کوڕی مەعرووف و هەروەها «ئەحمەد عەزیزی»، تەمەن ٢٦ ساڵ، کوڕی عەتا و خەڵکی گوندی «شیان» سەر بە سنە، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کران.

شەوی دووشەممە ١٣ی بانەمەڕ، چوار هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «کەژوان فەیزی»، «فواد فەیزی»، «شێرکۆ سوهرابی» و «ئاکۆ چاوگی»، خەڵکی گەڕەکی «داسەیران»ی مەریوان، دەسبەسەر کران.

### بانگهێشت کردنی هاووڵاتییان بۆ ناوەندە ئیتلاعاتییەکان:

ئیدارەی ئیتلاعاتی مەریوان ١٤ هاووڵاتیی کوردی بە ناوەکانی «عەبدولڕەحمان ئەفشار، کەماڵ گرامی، محەممەد گرامی، بەهمەن گرامی، بێستوون ئەرژەنگی، ئەمیر ئەرژەنگی، پەیام ئەرژەنگی، باست ئەفشار، سینا جاست، زانیار مینوویی، دانا گرامی، کامران ئەفسەری، سیروان بدەخش و جەماڵ گرامی»، خەڵکی گوندی «نێ»ی مەریوان، بانگهێشت کرد.

ڕۆژی یەکشەممە ١٢ی بانەمەڕ، عوسمان ئیسماعیلی، چالاکی کرێکاریی خەڵکی سەقز، بانگهێشتی پۆلیسی ئەمنییەتی ئەو شارە کرا و لێپرسینەوەی لەگەڵ کراوە.

### مەحکووم کرانی هاووڵاتییان بە زیندان و کەمکردنەوەی حوکمی زیندانیی:

لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، کچە چالاکێکی خوێندکاری خەڵکی شاری کرماشان، بە ناوی «غەزەل مەعسوومشایی»، لەلایەن دادگای ئینقلابی شاری تارانەوە بە ١ ساڵ و ٦ مانگ زیندانی و سێ ملیۆن تمەن سزای نەختی سزا دراوە.

لقی ١ی دادگای ئینقلابی مەهاباد «ئەرەستوو (ڕەسووڵ) مەلاڕەحیمی»، چالاکی مەدەنیی خەڵکی ئەو شارەی بە زیندان مەحکووم کرد.

### ڕەوانە کردنی هاووڵاتییان بۆ زیندان:

ڕۆژی دووشەممە ١٣ی بانەمەڕ، دوو هاووڵاتی بە ناوەکانی «خالید ئیسماعیلی»، خەڵکی نەغەدە و «نادر مێهری»، خەڵکی ورمێ، پاش کۆتایی لێپرسینەوەکەیان لە گرتنگەی ئیدارەی ئیتلاعاتی ورمێ، ڕەوانەی زیندانی ناوەندیی ئەو شارە کران.

### کوژرانی هاووڵاتییان:

ڕۆژی دووشەممە ٦ی بانەمەڕ، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «سوحبەت سەمەدی‌نەسەب»، خەڵکی شاری داڵاهۆ، سەر بە پارێزگای کرماشان، بەهۆی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی بریندار بوو و چەند ڕۆژ دواتر واتە ڕۆژی دووشەممە ١٣ی بانەمەڕ، بەهۆی قورسیی برینەکانییەوە گیانی لەدەست دا.

### ممنوع‌الخروجی هاووڵاتییان:

محەممەد حوسێنپەناهی و شەرافەت زەڕینی (دایە شەریفە)، باوک و دایکی ڕامین حوسێنپەناهی، زیندانیی سیاسیی ئێعدامکراو، لەسەر بڕیاری وەزارەتی ئیتلاعات، «ممنوع الخروج» کران.

لقی ١٠٤ی دادگای کەیفەریی بۆکان، سمکۆ مەعرووفی، چالاکی ژینگەیی و ئەندامی ئەنجومەنی ژینگەیی «وڵات»ـی، بە یەک ساڵ زیندانیی تەعزیری و دوو ساڵ ممنوع‌الخروج بوون لە وڵات، مەحکووم کرد.

### کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران و کاسبکاران:

ڕۆژی یەکشەممە ٥ی بانەمەڕ، پێنج کۆڵبەر بە ناوەکانی «کاروان مەنووچێهری، ئارام مەنووچێهری، زانیار حاتەمپەنا، سۆران وەتەن دووست و سەلاح وەتەن دووست»، خەڵکی مەریوان بەهۆی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی لە سنووری ئەو شارەوە، بریندار بوون.

ڕۆژی سێشەممە ٧ی بانەمەڕ، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «سامان ڕەسووڵ پوور»، خەڵکی سەردەشت، بەهۆی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی لە سنووری ئەو شارە بریندار بووە.

شەوی چوارشەممە ٨ی بانەمەڕ، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «ڕەحمەتوڵڵا قادرنژاد»، خەڵکی مەریوان، بەهۆی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی، لە بەرزاییەکانی «تەتە»ی هەورامان بە توندی بریندار بوو.

### تەقینەوەی مین:

ڕۆژی پێنجشەممە ٩ی بانەمەڕ، دوو هاووڵاتی بە ناوەکانی «محەممەدڕەسووڵ ڕەحیمی» و «محەممەد بازوەند»، خەڵکی کرماشان، بەهۆی تەقینەوەی مین لەنێو ئاسنەواڵە، گیانیان لەدەست داوە.

### خۆکوژی و خۆکوشتنی ژنان و پیاوان:

ژنە هاووڵاتییەک بە ناوی «فاتمە عەلیپوور»، کچی عوسمان و خەڵکی گوندی «کانیڕەش» سەر بە ناوچەی سۆما و برادۆستی ورمێ، ئاگری لە جەستەی خۆی بەرداوە و کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە.

### گیان لە دەستدان و برینداربوونی کرێکاران:

ڕۆژی پێنجشەممە ٩ی بانەمەڕ، کرێکارێکی کورد بە ناوی «ناسێح قاسمی»، خەڵکی گوندی «ئەیووب» سەر بە شاری سەقز، تووشی ڕووداوی کار بووە و گیانی لەدەست داوە.

ڕۆژی شەممە ١١ی بانەمەڕ، کرێکارێکی ئیلامی بە ناوی «نورەدین فەهیمی» هاوکات لەگەڵ ڕۆژی جیهانیی کرێکاران لە کاتی کارکردندا تووشی ڕووداوی کار بوو.

ڕۆژی دووشەممە ١٣ی بانەمەڕ، کرێکارێکی کورد بە ناوی «موختار محەممەدی»، خەڵکی گوندی «سەروماڵ» و دانیشتووی مەریوان کە لە شاری سلێمانیی کوردستانی عێراق و لە کارخانەیەکی بەردشکێنی خەریکی کار بووە، تووشی ڕووداوی کار بووە و بەهۆی بەربوونەی بەرد بەسەریدا گیانی لەدەست داوە.

### هەڵەی پزیشکی:

ڕۆژی پێنجشەممە ٢ی بانەمەڕ، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی سەید «محەممەدزاهید حوسێنی» کوڕی سەید نەجمەدین حوسێنی، خەڵکی شاری کامیاران و دانیشتووی شاری تاران، بەهۆی هەڵەی پزیشکییەوە گیانی لەدەست دا.

ڕۆژی یەکشەممە ١٢ی بانەمەڕ، ژنە هاووڵاتییەکی کورد خەڵکی شاری جوانڕۆ، بە ناوی «شەیدا عەبدی»، کچی سەیفوڵڵا و خەڵکی گوندی «زێران» بەهۆی ناشارەزایی پسپۆڕی کادرە دەرمانییەکانی نەخۆشخانەی ئەو شارە، خۆی و کۆرپەڵەکەی گیانیان لەدەست دا.





